

جەستە زمانی سەرەکی شانۆی ئارتۆ

(٤) بۆ سیناریۆی ئەو ئەزموونە بگەڕێوە بۆ: نظریه المسرح الحدیث/اریك بنتلی، ترجمه: یوسف عبدالمسیح ثروت، دار الشؤون الثقافیه بغداد، الطبعه الثانیه ١٩٨٦، ص٦٢-٦٨

(٥) لە ئارتۆ وە بۆ بیکاسۆ. شانۆکار ژمارە ٣

(٦) ئانتوانین ئارتۆ و شانۆی توند و تیژی/ جەلال ستاری، وەرگێڕانی (پێشڕەو حوسێن) زنجیرەی کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢/ لا ٧٠

(٧) ئەو کاریگەریە ڕاستەوخۆ بەسەر ئەزموونی شانۆی زیندووی جۆلیان بیك و جۆدیت مالینا دەردەکەوێت، هەروەها کردنەوەی لابۆرەکەی پیتەر بروك لەبارەی ئەزموونەکانی ئارتۆ، بروکی گەیاندە دەرەنجامی ئەزموونکاری دەوڵەمەند، ئەوە جگە لەو کاریگەریە لەسەر گرۆتۆ فسکی.

(٨) ئەگەر ئارتۆ بەتەنیا بنەما تیۆریەکانی ئەو زانستەی خوڵقاند، ئەوا لای یۆژینۆ باربا بەتەواوی گەشەی پێ دەدرێت و وەك میتۆدێکی ئەزموونگەری لە شانۆ دەردەکەوێت، ئێمە بۆ ژمارەی ئایندە هەوڵ دەدەین لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیی لای بارباتێگەیشتنێکی تیۆری قووڵ بخەینە ڕوو.

(٩) ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانمان هەیە لەسەر شانۆی پاش تازەگەری بۆیە لێرەدا لەسەری ناوەستین، بۆ شارەزا بوون لەو شانۆیە بڕوانە: شانۆی پاش تازەگەری/ نیهاد جامی، شانۆکار، ژمارە (١) لاپەرەکانی (٧٨-١٠٨)

(١٠) الکتابە والاختلاف/ جاك دریدا، ترجمه (کاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعه الاولی ١٩٨٨، ص٧٨

(١١) مۆنیك بوری لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی شانۆی ئارتۆ و گەڕانەوە بەرەو ڕەگ و ڕیشەی شانۆکەی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شانۆی ئارتۆ لە شانۆ وە بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیاوە ڕۆیشتووە، کە ئەوەش دەگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە کولتور بەرادیەك ئامادە بوونی هەیە تاوەکو شانۆ لە ئیستاتیکاوە بەرەو کاییەکی کولتوری دەبردرێت.

(١٢) رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، (لێکۆلینەوەی فەلسەفی) ژمارە(١٤) کوردستان ٢٠٠٦، لاپەڕە ٩٥

(١٣) الکتابە والاختلاف/ جاك دریدا، ترجمه (کاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعه الاولی ١٩٨٨، ص ٧٩

(١٤) ارتو والبحث عن ینابیع المسرح/ مونیك بوری، ترجمه (عبدالمجید شکیر) مجله نزوی، من موقع (www.nizwa.com)

(١٥) المسرح و الالهه/ انطوان ارطو، ترجمه (سعید کریمی) فکر و نقد، العدد٣٤

(١٦) کچە شانۆکاری کورد (نیگار حەسیب قەرەداغی) تاکە شانۆکارێکی کوردە کە کاری لەسەر ئەو بابەتە کردبێت، ئەویش لەڕێگەی نامەی ماستەرەکەی و دکتۆراکەی، کە نامەی ماستەرەکەی لە ژێر ناوی (جەستەی ئامادە لە پانتایی و زەمەندا- تێڕوانینێکی نا ئەورووپیانە بۆ کاری پێر فۆرمێر) هەروەها دکتۆراکەی لە بواری توێژینەوەی زانستەکانی شانۆ و کولتوری ئەنترۆپۆلۆژیدا وەدەست هێناوە لەژێر ناونیشانی (شانۆ و پێر فۆرمانسی ریتوالی) لەژێر کاریگەری ئەو دوو هەوڵە، کە چەند لە شانۆی ئەمرۆدا ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بابەتێکی گرنگە، بە تایبەت لە بارەی چەمکی سرووت و ئامادە بوونی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ لە تێڕوانینی ئارتۆ ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك، لە شوبات و ئاداری ٢٠٠٧ لە قەڵای کەرکوك دوو ئەزموونی پراکتیکیمان لەم بوارە ئەنجامداوە، ئەوانیش هەردوو ئەزموونی (سەگ و دەف) و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) بوو، ئەو دوو ئەزموونە لەسەر بنەما تیۆریەکانی شانۆی توند و تیژی و ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بوو، کە ئەو دوو ئەزموونە ناونرا بوون (پرۆژەی یەکەم و دووەم بۆ شانۆی توند و تیژی) هەوڵێك بوو بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ، لەڕێگەی بەرجەستەکردنی تیۆر و دواتر بنیاتنانی دوو ئەزموونی شانۆیی وەك دوو پرۆژە بۆ شانۆی توند و تیژیی، کە دەکرێ وەك سەرەتایەکی زانستی بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ سەیر بکرێت، سەرەتایەك توانای ئەوەی هەیە پرۆژەی مەزن و فراوان بۆ داهاتوو ئەنجام بدات.



# لە ئارتۆ وە بۆ بیکاسۆ
# ئەو نامانەی کە وەڵام نەدراونەتەوە


دوای دەرچوونـــی لە نەخۆشـــخانەی دەروونی،ئارتۆ دیوانی (ئارتۆ لمۆمۆی) نووســـی و لە سەرەتادا بۆ لە چاپدان و بڵاو کردنەوەی چەندین ئاســـتەنگی هاتە پێش، وەك ڕەت کردنەوەی دیوانەکەی لەلایەن (کلۆد گالیمار) ەوە کە لە نامەیەکیدا لە ٢٩ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٦ ڕاشکاوانە لەچاپدانی دیوانەکەی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام دواتر ئارتۆ لە ڕێگەی (بیرلویب) ەوە لەگەڵ خاوەنی چاپخانەیەکی دیکەدا ئاشنایەتی پەیدا دەکات، ئەویش (بیر بۆرداس) بوو، بۆرداس بۆ لە چاپدانی کتێبەکە ڕەزامەندی خـــۆی دەربڕی، بەڵام بـــەو مەرجەی کـــە ژمارەیەك تابلۆی بیکاســـۆ لە دووتوێی دیوانەکەدا بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئارتۆ چەند نامەیەکی بۆ بیکاســـۆ نارد، بەڵام نامەکان بێوەڵام بوون تەنانەت ئارتۆ لە ماڵەکەی بیکاســـۆدا کە دەکەوێتە سەر شەقامی (کرۆند ئۆگەستین) هیچ پێشوازییەکی لێنەکرا، بۆیە بڕیاریدا تابلۆکانی تایبەت بە بە دیوانەکەی خۆی بیانکێشێت. ئەم سێ نامەیەی کە لێرەدا بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە ئەرشیفی مۆزەخانەی بیکاسۆ لە پاریس.

ئازیزم بابلۆ بیکاسۆ

دوای گەڕانەوەم بۆ پاریس پێنج چامەم نووسی، لە پێناویاندا ئازارم چەشـــتووە، ڕۆژنامـــەی (لاری) ڕەزامەندی لەســـەر بڵاوکرنەوەی دوو لەو چامانە دەربڕیبوو، بەڵام ئێســـتا دەزگای ڕۆژنامەکـــە لەکار کەوتووە، چامەکانی دیکەش لەلایەن گۆڤار و ڕۆژنامەکانـــەوە ڕەتکراونەتەوە، هاوکات خاوەنی چاپخانەیەکم دۆزیوەتەوە ناوی (بیر بۆرداس) ە ئەو ڕازییە بە بڵاوکردنەوەیان مەبەســـتم بڵاوکردنەوەی هـــەر پێنچ چامەکەیە لە شـــێوەی نامیلکەیەکـــدا، بۆیە خوازیارم گەر ئارەزووت لێی بێت بە پێنچ یا شەش تابلۆ لە جۆری لۆتۆگراف یاخود کێشراو بە ئاوی زیو چامەکانم بڕازێنیتەوە، ئەمـــەش کارێکی زۆری دەوێت، بەڵام مـــن چامەکانت بۆ دەنێرم، تۆ بابلۆ بیکاســـۆ بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەیان بەلکو ویستت لە بارەیانەوە شتێك بڵێیت و دڵنیاش بیت لەوەی کە هەستم چۆنە بەرامبەر بە ئێوە.


ئارتۆ

هاوڕێی ئازیزم



بیکاسۆ وەڵامی نامەکانی ئارتۆ ناداتەوە

پێنـــج چامەکەم گەیانـــدە ماڵەکەت بە ئامێـــری چاپکردن نووســـراون، (بیر لویب) پێیووتی کە (بیـــر بۆرداس) ئارەزووی دەکرد کە دیوانەکە بە تیراژی (٣٠٠) دانە لەسەر کاغەزی باش و گرانبەها بڵاو بڵاوبکاتەوە، هەروەها (١٠٠٠) دانەی دیکەی لێ بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەسەر کاغەزێکی سادە و هەرزان، لەسەر داوای من بوو بۆ ئەوەی کە خوێندکاران و گەنجان شـــاعیرانی کەم دەرامەتیش بتوانن بیخوێننەوە، نەك بە تەنها بکەوێتە دەست کاهینەکان و دەوڵەمەندەکانی هەردوو ئەمریکای باکوور و باشوور کە دەستیان گرتووە بەسەر بازاری ڕەشدا، هەروەها ئەوانەی کە هەزار ســـاڵە جەنگیان نەبینیووە کـــە لایان نێر بەرامبەر بە مێ ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێناوە و هتد... ئەمە بۆ ئەوەی بڵێم ئەم چامانە بەلای منەوە بانگەوازێکن بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ بە هۆی نەبوونی دەستەواژەیەکی باشترەوە پێی دەڵێن هۆشیاری، لەوەتای خراپەکاری باڵادەستە ئەو هۆشیارییە لە کوێدایە = ئاخۆ جگە لە چەند پاژێکی جەستە، چ شتێکی نێو هۆشیاری مرۆڤایەتی



بیرکردنەوە لە دوای ئەشکەنجەی زیندان

بـــەدکاری نەکردووە؟ ئەوەی من ئەنجامم داوە کارێکی هونەری نییـــە کە تەنها بۆ ئارەزوومەندان بێت هەروەها پێم وایە دەشـــێ بابلۆ بیکاســـۆ وەك من ئارەزووی ئەوەی هەبێت لە ســـتایلێکدا گوزارشت لە دەربڕینەکانی بکات.

نیوەڕۆی چوارشـــەممە دێم بۆ ئەوەی بتبینم. ئیدی مەگەر خۆت ئارەزووت لێی نەبێت.

لەگەڵ ڕێز و سڵاومدا.

ئەنتۆان ئارتۆ
۲۳ شەقای ئەلمیری
ئیڤەری - سورسین.

بۆ بابلۆ بیکاسۆ


من کەســـێکی سەرەتایی نیم تا بەدوای تابلۆی وێنەکێشێکی مەزندا بگەڕێم بۆئەوەی ســـەرەتای هەنگاوەکانم دەست پێبکەم، پێشتر من بەســـەر چەندین بابەتدا ئارەقەم ڕشتووە کە تەواویان ناگەنە ئاســـت فلتەری ئەو نەهامەتیەی کـــە لێوەی هاتووم، بەڵام بـــۆ خودی خۆیان کەم نین و پێویســـتیان بە یارمەتی و چاودێری هیچ کەســـی تر نیە بۆ بەردەوام بوون لە گرتنەبەری ڕێگەی خۆیان، دوای دەرچوونم لە پاســـێر (معزل) ی (ڕۆدز) لە کۆی تەواوی نووســـینەکانم پینج چامەم هەڵبژارد، خاوەنی چاپخانەیەکم دۆزییەوە ئارەزووی دەکرد لەگەڵ شـــەش تابلۆی زیوینی تۆدا بڵاوبکرێنەوە، گەر پێشـــتر بە دەســـتی من بووایە بەو جـــۆرە بیرم نەدەکردەوە، من دەتوانم وێنەی خۆم بکێشـــم و تێکستەکانیشـــم بە وێنەی نیمچە زیندوو بڕازێنمەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە من لە (رودز) دەستم لە داهێنان (فبرکە)ی جەستەی زینـــدوو هەڵناگرت، بەرێوەبەرایەتی پۆلیســـی نەخۆشـــخانە دەروونییەکانی فەرەنســـاش دەســـتیان لە ئازاردانم هەڵنەگرت، تەمەنم پەنجا ســـاڵە، دانیشـــتووی (ئیڤەری) م پێج ســـاڵی تەمەنم لە گرتووخانەدا بردەســـەر، ئەمە سەرباری بەدخۆراکی و برســـییەتی و لە بەرکردنی کراســـی تایبەت بە شێت، ماوەی پێنچ مانگیش بەردەوام لە ڕێی ترشـــی (حامز) ی سەنادیر و سیانۆری پۆتاسیۆم ژەهراوی دەکرام، پاشان دوو ساڵی درووست لـــە (ڕۆدز) لە کارەبا دەدرام، نزیکەی پەنجا جار لە هۆش خۆم چووم، پشتیشـــم دووجار بە چەقۆ پێکراوە، هەروەهاشوینەواری ئەو کوتەکە ئاســـنینەی پێوە ماوە کە لە ساڵی ۱۹۳۷ لە شاری دبلن لێیاندام و بڕبڕەی پشتیان دوو لەت کردم، دەمەوێ بڵێم لەم بارودۆخەدا پەلکێشکردنی جەستەی خۆم ئاسان نییە، نیشانەی دۆســـتایەتیش نییە، کە پێنچ جار لە ئیڤەرییەوە بۆ شـــەقامی کرۆند ئۆگەســـتین جەســـتەم پەلکێش بکرێت لە پێناو هیچدا. ئاســـاییە ئەگەر شـــیعرەکانم مایەی ڕەزامەندیتان نەبێت و پێم بڵێی تۆ بۆ ئەو کارە ناشـــێی و یارمەتیم بدەی، بەڵام لانی کەم دەبووایە بت ووتایە و شـــەرەفی وەڵام دانەوەت پێ ببەخشیمایە، ئیدی وەڵامەکەت هەرچی چۆنێك دەبوو ئاساییە.

بابلۆ بیکاسۆ کاتژمێر مەترسیدارە

کتێبەکان، نووســـینەکان، تابلۆکان، هونەر هیچ شـــتێك نین، مرۆڤ، حوکم لەســـەر ژیانی دەدرێت نەك کارەکانی، دەی ئەو کارە چییە گەر هاوار و قیـــژەی ژیانی مرۆڤەکە نەبێت، کارو بەرهەمی من کاری پیاوێکی ئەشکەنجە دراوە، بەڵام بێگەردە، من تەنها ئەژیم، پێم وایە ئەوەی ڕێگەی وەڵامدانەوەی لێگرتووی لە هەموو شتێك زیاتر ئەو شەیتانەیە کە لەم تەمەنەتدایە، کۆت و ملکەچـــی نازانـــم چ کار و دوودلییەکی کردووی، چ کۆیلە بوونێکی مرۆڤایەتییە هەستی ڕق و کینە کە کۆنترۆلی هەموو شتێك دەکات شێوازی جۆراوجۆری هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کەســـانەی کە بۆ ساتێك پێیان وابوو ئارەزووی دەربازبوون دەکەن لە سروشتی ئاژەڵی بەخششی خۆشەویستی زۆرپەڕ (شهوانی) یەکێکە لەو شـــێوازانە و زیاتر بەڵێن ئەدات، نەك جێبەجێکردن. خواوەنـــد گەڕانەوەی لە ئیگۆ وە بەســـەر چۆڵەمە (ترقوە)ی ڕەگەزێکی پوکەوە هاتووەتـــە ئاراوە، بۆیە ناوی خۆی نا ڕۆح نەك جەستە، ئەمەش جێی بایەخی هەندێك لەو کەسانە نییە کە پێشتر پێیانوابوو بۆ دژایەتی کردنی خراپەکاری خولْقاوون، بەڵام دواتر چوونە سەر فێڵ و فریوەکانی لایەنی بێناوونیشان.

**وەرگێڕانی: شانۆکار**

# مەلەفی شانۆناسی



# پەیڤێک بۆ ئەم مەلەفە

لەدرێژەی ئەزموونەکانی قۆناغی دووەم، ئێوارەی ٢٠٠٨/١/٧ تیپی شانۆی ئەزموونگەری، ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) ی نمایش کرد، دارشتنەوەی پانتایی (نیهاد جامی) جەستەی کولتوری (کاردۆ، دیدار مەجید، کارگەر جەواد، کارۆخ سەیفەدین، شکۆ عومەر)

هەر لەدرێژەی پرۆژە ئەزموونکاریەکانی قۆناغی دووەمی ئێوارەی ٢٠٠٨/٣/١٦ لە دووەمین سالیادی تیپەکەدا لەقەلای کەرکوك ئەزموونی (حیکایەتی لم) مان نمایش کرد، پرۆژەیەکی تریش لەمەراسیمی جەژنی جیهانی شانۆ لەکەرکوك، رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٩ لە خانوویەکی کۆنی قەلا بە کەرنەڤالی کولتوری (ئەنتیگۆنای قەلا) کۆتایمان بەدووەم قۆناغی کارکردن هێنا، ئێمە لێرەدا سەرەرای خستنە رووی تێروانینی خۆمان لەبارەی ئەزمونەکان، هەروەها بۆچوونی شانۆکاران بەتایبەت لەرێگەی ریپۆرتاژە رۆژنامەوانیەکان لەبارەی ئەو ئەزموونانە کە بلاوکردنەوەیان جارێکیتر بە پێویستمان نەزانیووە، بەلام چەند بۆچوون و تێروانینێکی جیاواز لەرێگەی ووتار و گفتوگۆ و مێزگرد بەتایبەت لەبارەی ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) لەم مەلەفدا دەخەینە بەردەست. بەمەبەستی چی رەخنە و گفتوگۆیە لەسەر ئەم ئەزموونە دەمانەوێت لەرێگەی ئەم مەلەفەوە دەرگایەکیتر بەرووی رەخنەی شانۆیی بکەینەوە، بۆ ئەوەی قسەی جدی لەسەر ئەزموونە شانۆیەکانمان بکەین، ئەوەش لەسوور بوون و بروا بوونمانە بەو تێگەیشتنەی کە بوونی گوتاری رەخنەیی توانای دەست نیشان کردنی ئاستی ئەزموونەکانی هەیە، چونکە بەبێ بوونی رەخنە ناتوانین بزووتنەوەیەکی چالاکی شانۆیی بنیات بنێین، نەبوونی کەسانێکی پسپۆر لەو بوارەدا جێگەی دلتەنگی و نا ئومێدیەکی زۆرە بۆ ئێمە، بۆیە هەمیشە بەناچاری خۆمان دەست پێشخەریمان لەو کارەدا کردووە، هاتووینە لەسەر ئەزموونەکانی خۆمان نووسیومانە، داوامان لە شانۆکاران کردووە چی رەخنەیەکیان هەیە بینووسن و لە شانۆکار بلاو بێتەوە، هەندێ جار پێویستی بەوە کردووە پرسیاریان بۆ بنێرین تەنیا بەو مەبەستەی کە بیاندوێنین، یاخود هاتووین مێزگرد و دیداری شانۆیمان ساز کردووە بۆ ئەوەی بۆچوونە رەخنەییە جیاوازەکان بکەینە ئاوێنەیەك بۆ خۆبینین و ئازادکردنی ئەو دەنگانەی لەسەر ئەزموونەکانمان هەیە، دیارە نەبوونی گوتارێکی رەخنەیی و نەبوونی کەسانی رەخنەگر خەوشێکە، بەلام نەنگی نیە بەهۆی ئەوەی ئێمە لەشارێکدا خەریکی شانۆین، هەولی جدی ئەوتۆ نەبووە کە رەخنەگر بێنێتە پێشەوە، دلنیاین ئەزموونەکانی ئەو نەوە نوێیە لەو شارەدا لە داهاتوودا چەندان دەنگی رەخنەیی بوێر دێنێتە دی، بۆیە ئەگەر بوونی ئەو مەلەفە رەخنەییانە ئێستا وەك سەرەتایەك بۆ رەخنە سەیر بکەین، بەلام وەك مایەر هۆلد دەلێت "ئەگەر نەتوانین شانۆیەکی نوێش بێنینە دی، باببین بە پردێك بۆ نەوەی داهاتوو"



ئۆدیب بە ئیفلیجی لەسەر کورسی پەکەوتەیی کەوتووە

# سرووت. کولتور. ئەزموونگەری لە ئۆدیبی زەردەشت

**سازدانی: فریاد ئەحمەد**

بەشـــداران: ئەسعەد عومەر (ســـینەماکار)، حوسێن سیودین (سینەماکار) تارق ناسح (بەرپرسی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک) ســـیروان بێلانە (بەرپرســـی تیپی شانۆی ئاشتی کەرکوک)، نیهاد جامی (بەرپرسی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک)

ئۆدیبـــی زەردەشـــت ئـــەم شـــانۆگەریەی تیپی شـــانۆی ئەزموونگـــەری کەرکـــوک وەك ئەزموونێکـــی نوێی قۆناغی دووەمی بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) نمایشی کرد، تاچەند کارێکی ئەزموونگەری بـــوو؟ کولتور چ واتایەکی هەیە؟ ئایا ئەو تیپە وەك خۆی بانگەشەی دەکات لەگەڕان و پشکنینێکی کولتوریدایە؟ لەچ تێڕوانینێکەوە ئۆدیبی زەردەشت بخوێنینەوە؟ ئایا دەتوانین فرە تەئویلی بەو ئەزموونە ببەخشـــین؟ ئەوانە ئەو پرســـیارانەن لەڕێگەی ئەم مێزگردەوە دەمانەوێ وەڵام بدرێتەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئـــەو دیالۆگەوە گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی ساز بکەین.

فریـــاد ئەحمەد: ئایـــا چەمکی ئەزموونگـــەری لای ئێوە هەمـــان چەمکی هەیە کە لای گەورە شـــانۆکارانی جیهان و تیۆریستەکانی شانۆ هەیەتی یان لای ئێوە چەمکێکی جیاوازە بەتایبەت لە ئۆدیبی زەردەشت؟

نیهاد جامی: بڕوامان بەوە هەیە چەمکی ئەزموونگەری لە ڕووبەری نمایشـــە کوردیەکاندا چەمکێکی تاکمانا نیە، چونکە کۆمەڵێك تەفســـیری جیاواز دەگرێتە خۆی، ئەگەر یەکێك لە تەفســـیرەکان پێمان بڵـــێ دەرچوونە لە تەباوە، کـــە دیارە ئێمە بۆخۆمان بڕوامان بەو تەفسیرە نیە، چونکە ئەزموونگەری لای ئێمە دەرچوون نیە لە تەباوە تا پێمان بڵێن ئەزموونگەر، سەرەتای کارکردنی من لە شانۆدا لەهەولێر دەمویست دیدێکی شێوەکاری لە شـــانۆ بنیات بنێم لەڕێگەی خوێندنەوەی دەق لەتێڕوانینی بونیادی فەلسەفی وێنەی شانۆییەوە، کە تەنیا جەستە زمانی ناو ئـــەو وێنەیە بێت لەپاڵ ڕوناکی و ڕەهەندە شـــێوەکاریەکان، ئەو ســـەرەتایە ١٠ ســـاڵی خایاند پێنج نمایشی شانۆیی گرتە خۆی، قۆناغی دووەمی کارکردنم بە دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەستی پێکرد ٥ نمایشی شانۆیی گرتە خۆی لە (پرۆڤەیەکی شـــانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) وە بۆ (هاملێتی کەرکوك) لەم قۆناغەدا دەمویست بپرسم: ئایا دەکرێ ئێمە لەدەرەوەی بیناســـازی شانۆ، شـــانۆ بنیات بنێین؟ ئەوەش وای لە ئێمە دەکرد کە دەچینە شوێنێك وەك بیناسازی شوێنەکە خۆی شانۆ بکەین، ئێمە کە چووینە قەڵا (هاملێتی کەرکوك) مان کرد، نەهاتین دیکۆر بۆ شـــانۆگەری هاملێت درووســـت بکەین، لەخانوویەکی دوو نهۆمی کۆن کردمان وابزانم زۆربەتان بینیتان، بەپێی بیناسازی شوێنەکە خۆی کردمان، بەڵام ڕەنگە لەم پانتایەدا تۆ ماتریالێك بدەیت بە ئەکتەرێك لەجۆری شمشێر یـــا گوریس یا خاچ، ئەمە وەك قۆناغێکی تری ئەزموونگەری ئێمە، لـــە قۆناغی دواتر قۆناغی ســـێیەمی کارکردنی من و قۆناغی دووەمی تیپـــی ئەزموونگەری، ئامادە بوونی دەنگە. لـــەم قۆناغەدا دەمانـــەوێ دەنگ وەك جەســـتە ئامادە بوونی هەبێـــت، دەنگ بەتەنیا ئەزموونێك نیە لـــە کارکردنی ئێمەدا، دەنگ یادەوەریە. پێویستە لە زەمەنی ئێستادا دەنگ یادەوەریی ئەو جەســـتەیە پێك بێنێت کە ئێمە بە جەستەی کولتوری ناوی دەبەین، یادەوەری ئەو جەســـتەیە لەڕێگـــەی دەنگەوەیە، بەڵام ئەو جەســـتەیە خۆی گوزارشـــت لەزەمەنی هەنووکەیی خۆی دەکات، لەنێوان زەمەنی یادەوەری (دەنگ) و زەمەنی هەنوکەیی (جەستە) پێشبینی دەخرێتە ڕوو، ئەگەر بیرتان بێت لە ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) دا بەدوای ئەوەی ئەو دوو زەمەنە تێکەڵ یەك دەبوون، پێشبینی دەکرا بۆ تراژیدیا، لەماڵەکە دەمانووت ئەگەر تەقینەوە ببێت چیان بەسەردێت؟ هەموو پێشبینی ئیفلیج بوونی خۆیان دەکرد، ئەوەش بۆ تێگەیشتنە لە چەمکی ئەزموونگەری لەکارکردنـــی ئێمەدا، کـــە دەمانگەیەنێ بەو تێگەیشـــتنەی "ئەزموونگـــەری لای ئێمە ئەزموونکردنـــە لەپێناو دۆزینەوە و پشـــکنین و گەڕان" ئێمە هەمیشـــە وەبەتایبەتی لەم قۆناغەدا هەســـت دەکەین لەگەڕانێکی کولتوریداین، بۆیە زۆرجار دەکرێ تێگەیشـــتنی شانۆیی ئێمە بۆ بینەر تێگەیشتنێکی تەندرووست نەبێت، پێویستی بەتێگەیشـــتنێکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری بێت یا پێویســـتی بە کۆمەڵناسی شـــانۆیی بێت، لەبەرئەوەی تۆ دێیت ئیش لەهەندێ زانســـت دەکەیت. ئیش لەسەر کولتور دەکەیت، بەتایبەت لە ڕۆشـــنبیری شانۆیی ئێمەدا دوو چەمك هەیە هەمیشـــە تێکەڵ کراون بەناوی یەکتریەوە قسەیان کردووە، ئەویش هەردوو چەمکـــی (کولتور) و (کەلەپوور) بوو، ئەگەر

لێرەدا ئاماژەیەکی زۆر بچووك بدەین دەڵێین: کەلەپوور شتێکە لە ڕابردوو ڕوویداوە. هەرچی کولتورە شتێکە لە ئێستادا لەگەڵماندا دەژیێت، بۆیە سەیر دەکەیت کەلەپوور لقێکە لەناو کولتور، یانی ئێمە ناگەڕێینەوە سەر کەلەپوور بۆ زەمەنی ڕابردوو، بەڵام هەمیشە لەناو گەڕانێکی کولتوریدا خەریکی پشکنینین.

فریاد ئەحمەد: لەقۆناغی یەکەمی کارکردنتان لەتیپی شانۆی ئەزموونگەری بەناوی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ تێگەیشتنێکی تایبەتان بۆ بیناسازی هەبوو، لەقۆناغی سۆسیۆلۆژیای شانۆ ئەو تێگەیشتنە وەك خۆی ماوە یان گۆڕاوە؟

نیهاد جامی: دەستبەردار بوون لەقۆناغێکی ئەزموونکاری هێندە ئاسان نیە، پێویستی بە شەونخونی و گەڕانی قووڵ هەیە لە شانۆدا، ئەو گەڕانە لە قۆناغی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بۆ ئەوەی ئێستا کە سۆسیۆلۆژیای شانۆیە پێم وانیە گۆڕانێکی ئەوتۆ کرابێت لە بیناسازی شوێن، بەڵام لەوە دەچێت قۆناغی داهاتوومان ئەو ئەزموونە بچێتە سەر تەختەی شانۆ، ئەزموونکردن بێت لە ئاستی دەق و ڕوناکی و مۆسیقاوە، هەمیشە دەڵێین دیکۆر شتێ نیە لەکارەکانی ئێمەدا، شوێنەکە خۆی چۆن بێت ئاوا سەیری دەکەین، دیارە مەبەست لەگواستنەوەی ئەو ئەزموونە بۆ سەر شانۆ پەڕینەوەیە لە نوخبەیەکەوە بۆ ئاستێکی فراوانتری بینەر، بەڵام هەمیشە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەین کاریگەری سرووت لەسەر بینەر پەیوەندی بە ژمارەیەکی دەست نیشان کراو هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری بەجێ بێڵێت، لێرەوە دۆزینەوەی هۆڵێکی شیاو لەدەست نیشان کردنی بینەر کاریگەری گەورە لەسەر سرووت بەجێ دێڵێت.

فریاد ئەحمەد: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) ئەتوانین بەم نمایشە بڵێین نمایشێکی ئەزموونگەری؟

ئەسعەد عومەر: پێش ئەوەی باسی (ئۆدیبی زەردەشت) بکەم پێمخۆشە سەرەتا باسی خودی ئەزموونگەری بکەم سەرەتاکانی لەکوێوە دەستی پێکردووە، شانۆی ئەزموونگەری ئەگەڕێتەوە بۆ برتۆلد برێختی ئەڵمانی کە هەموو یاساکانی ستانسلافسکی ڕەتکردەوە، چونکە ستانسلافسکی لەسەر شانۆدا کاتێ مێزێك دادەنێ دەبێت مێزێك بێت، برێخت ئەمانەی ڕەتکردەوە، هەڵسا شانۆیەکی ئەزموونگەری دانا، لەچلەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێکرد ئیتر بەردەوامی پێدا، ئەویش لەهەمان کاتی کە خەریکی ئەزموونگەری بوو وەکو ئێستا نیهاد باسی کرد مەسەلەی فرە کولتوری خستە ناو شانۆی ئەڵمانیەوە، بۆ نمونە ئەو شانۆگەریەی (ئەو پیاوەی دەڵێ بەڵێ. ئەو پیاوەی دەڵێ نەخێر) ئەمە ئەفسانەیەکی یابانیە هێناویەتیە ناو تیاتری ئەڵمانیەوە، جا لەوێوە بەردەوامی وەردەگرێ و بەردەوام بوو ئێستاش بەردەوامە، لەبەر ئەوەی کە دەڵێی ئەزموونگەری خۆی لەخۆیدا یانی بەردەوامی، بەردەوامی لە گەڕان لە گەڕان لە گەڕان، هەرچەندە کاتێ خۆی برێخت کۆمەڵێ یاساو ڕێسای بۆ دانا، بەڵام ئەزموونگەری نوێ کە ئێستا دەکرێت، خۆی لەو ڕێساو یاسایانەش دەرباز کردووە، ڕەهایەکی وای داوە بەخۆی کە بتوانێ بەدوای پشکنینی ئەو ئەنێمێنتانەیە بگەڕێت کەوا شتێ درووست بکات تەنها دەنگ نەبێت بیبات بۆ بینەر. تەنها دەق نەبێت بیبات بۆ بینەر، رۆحێك بدات بە بینەر، یانی شتێکی هەستی لەناو بینەردا درووست بکات کە بینەر لەو شوێنەدا ئامادە باشی هەیە شتێ بێتە لایەوە، چۆنی لێك دەدەیتەوە ئەمە ئارەزووی خۆتە، من پێش ئەمەی بێمە سەر شانۆیەکەی نیهاد، باسی ئەزموونێك دەکەم لەگەڵ برێخت کە بینیوومە ساڵی ١٩٨٧ بۆمن شتێکی گەلێك نوێ بوو کاتێ (دایك) م بینی لەشاری بۆنی ئەڵمانی، دانیشتبووین لەسەر کورسی، پەردەی یەکەمی دایك تەواو بوو پەردە کەوتە خوارەوە لەگەڵ دەنگی جەنگدا هەموو کورسیەکان لەسەر سکەیەکەوە بەیەکەوە بۆ پێشەوە ڕۆیشتن، بردمانی ئێمە دوای کەوتین بردمانی پەردە پەردە لا ئەچوو بینەر ئەڕۆیشتە پێشەوە بە کورسیەوە، لەکۆتایدا ئێمەی بەرەو ڕووی یەك دیواری زەبەلاح کردەوە، پێمانی ووت جەنگ ڕووبەرووی ئەم دیوارە ووشکەتان ئەکاتەوە، بیست ساڵ پێش ئێستا یانی ئەوە ئیشێکی ئەزموونگەری زۆر زۆر تایبەت بوو، بەڵام ئەمەنە کاری لەم جۆرە کرا، سەمایەکی لەم جۆرە کرا کچێك بوو لەگەڵماندا بوو، سەمایەکی ئەزموونگەریان کرد، یانی دانیشتووی هەست بەوان دەکەیت، نزیکەی ١٠-١٢ سەماکەری کوڕ و کچ بوون، ئێمە دانیشتووین هەموو لەسەر زەوی، ئەوانیش بەقەد دیوارەکە. بەس بەقەد دیوارەکە سەمایان دەکرد، ئەمە شتێکیتر چووین بۆ کۆنسێرتێك لەنووسراوەکەدا نووسرا "دێیت بۆ ئەم کۆنسێرتە دەبێ دۆشەك بێنی لەگەڵ خۆت" پاڵ ئەکەوی ئیسترخایەکی تەواو دەکەی. چوار کەس بوون یان سێ کەس بوون جیهانێك لەدەنگی نائەلیکترۆنیان کردە ناخمانەوە، بۆ کارەکەی نیهاد کە هاتم بەڕاستی بە ڕوناکی و بە دەنگ ئەگەر لەوەی وا لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا بینیوومە زیاتر نەبێت لەوە کەمتری نەخستە ناو ڕۆحی منەوە، بۆجارێکیتر لەرێی ئەم دانیشتنەوە من دەمەوێ دەستخۆشی لێبکەم، بەڵێ ئەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەزموونگەری نوێی ئێستا نەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندەوە، بەڵکو بەرفراوانتر لەسەر ئاستی دنیا.

فریاد ئەحمەد: ئەگەر باسی (ئۆدیبی زەردەشت) بکەین دەتوانین بنەماکانی ئەزموونگەریەت دەست نیشان بکەین؟ بڵێین ئەم نمایشە لەکوێدا ئەزموونگەریە؟

حوسێن سیودین: بەڕاستی من ئەمەوێ ڕاستیەك بڵێم کە من لەبواری سینەما زیاتر شارەزام هەندێك شارەزایم هەیە لە بەشداری کردنی بینینی شانۆگەری، لەبەر ئەوە ئەتوانم بڵێم ئەکرێ ئەو پرسیارە لە پسپۆڕێك بکرێت، بەڵام بەپێی ئەو ئەزموونانەی بینیوومە ئەو شانۆ ئەزموونگەریانەی لە هۆڵەندا بینیوومە، وە ئەوەی کە لێرەش (ئۆدیبی زەردەشتم) بینی هەستم ئەکرد لە ئەمستردامم لەڕووی عالەمیەتی نمایشەکەوە، یانی لەڕووی ئەو وێنانەی کەوا لەوێ ئەیبەخشی بە بینەر و بەشداری کردنی بینەر، لەو بارەیەوە هەندێ کارم بینیووە، بەراستی وام هەست ئەکرد لەجیهانێکی هۆڵەندی لەبەردەم گروپە ئەلتەرناتیڤەکانی شانۆی ئەوێم، ئەم نمایشەی نیهاد لەگەڵ ئەواندا زۆر زۆر لە مستەوایەکی موئەسیر بوو، لەبەر ئەوە هەست دەکەم یەك شت هەیە ئایا ئەو بینەرەی هاتبوون ئایا ئەیانتوانی لەگەڵ ئەم نمایشەدا بژین؟ من بۆخۆم لە هۆڵەندا نمایشی وام بینیووە، بەڵام لێرە هەندێ بینەرم ئەبینی ئەهاتنە ژوورەوە و ڕایان ئەکردە دەرەوە، یا هەبوو ڕۆژنامەنووس بوو وێنەیەکی ئەگرت و بۆ ئەوەی لەدەرەوە بە خەیاڵی خۆی شتێ بنووسێ لەسەری، بەڕای من ئەم نمایشە ئەمەندە مۆدێرنە ئەمەندە تەجاوزی بنەماکانی شانۆی وڵاتانی کردووە کە ئێستا ئەسعەد ئاماژەی پێکرد لە برێختەوە کە بیست ساڵ پێش ئێستایە، ئێمە لەم وڵاتەدا شانۆ و هەموو بوارەکانی تری هونەر بوونەتە قوربانی سیاسەت، لەبەر ئەوەی ئێمە بناغەکانی شانۆمان نیە، بەراستی ئەبێ نیهاد و گروپەکەی زۆر زۆر زیاتر کاربکەن، بۆئەوەی بینەرەکە بەلای کەمی لە ئاستی بەرزی نمایشێکی بەرزی لەم جۆرە تێبگەن، بۆ ئەوەش نازانم ئەوە کێشەی ئێوەیە هەندێ دیمەن هەیە من لە سینەماوە بۆی دەڕوانم کە تۆ نمایشێك دەکەیت بەم فتیلانە کۆمەڵێ شت هەیە لەوانەیە وابزانی جەوەکە ئەپروکێ ئەگەر بێت و ڕوناکیەکی یارمەتیدەر هەبێت، کە ئێمە ئەڕۆینە سینەما هەندێ دیمەن ئەبینین، دیمەنەکە تاریکە لەبەر ئەوەی ڕوناکی شەو بەکار هێنراوە، کەهەندێ ڕوناکی هەیە مانای وانیە ڕوناك کردنەوەی هەموو جەوەکەیە، یانی ئەو جەوە زۆر ڕوناکە، من وانزیك ببومەوە واچاوم خستبووە سەری یانی لەم جەوانە گەورە بوومە وەکو ئەزموون وبینین، ئەمبینی کەچی ڕوو دەدات، ئەمە لەم ڕووەوە لەڕووی ئەوەی شانۆی ئێمە بناغە مێژوویەکەی نیە گروپە شانۆیەکانی ئێمە ئەو هەموو قۆناغە ئەبڕێت بەڕای من ئەمە ئاستێکی زۆر بەرزە کە گروپێك یا کەسێك کە پێی ئەگات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەووڵاتەکەماندا ئەم شتە پێ بەپێ نەڕۆیشتۆتە پێشەوە، هەندێ کێشەش دروست دەکات بۆ بینەر و تێگەیشتن، جانازانم پێشتر دەق بدرێت بە بینەر یاوەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا تەنیا نوخبە بێت، وەك لە کۆڕەکە ئەسعەد ئاماژەی بۆ گرۆتۆفسکی کرد کە بینەرەکەی هەڵدەبژارد، ئەوەی بەدڵی نەبوایە پلیتی پێ نەدەفرۆشت، ئەگەر ئێوەش وابکەن، دەنا بەو شێوە گشتیە باوەڕناکەم، لەهەمان کاتدا بۆمن نمایشەکە بەڕاستی روحیەتی عالەمی زەردەشتیەتی تیابوو، لەهەمان کاتدا دەستکاری کردنەکەی نیهاد لەوەی ڕوناکی و جل و بەرگەکە ئەو فەزایەی کەوا لەکارەکە بوون ئەیگەڕاندینەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، کە جیهانێکی زەردەشتیە کە روحی کرداری چاك و گفتاری چاك و ڕەفتاری چاك لێ سەندراوەتەوە، بەڵکو لەهەمان کاتدا هەر چاویشیان دەرهێنراوە، یانی ئەو ئیحائاتانەی زۆر بە هێز بوو بۆ یەکێك کە شارەزایەکی مێژوویی لە مێژوو و فەلسەفە و بیری کۆنی خۆی هەبێت.

فریاد ئەحمەد: لەم نمایشەدا دیکۆر بوونی نەبوو، شوێن شوێنێکە بەهەموو ڕەهەندە مێژوویەکانی خۆی دەبێتەوە بە دیکۆر تاچەند ئەم کارە ئەزموونێکی سەرکەوتووە؟ ئایا ئیتر بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری دیکۆر پێویست نیە؟

تارق ناسح: من دیارە حەزناکەم موجامەلە بکەم شتێ هەیە ئەیلێم وابزانم حەوت کاری تیپی ئەزموونگەریم دیووە، لەکۆی ئەم کارانە دوو کاری منی زۆر ڕاکێشاوە، یەکێکیان (هاملێتی کەرکوك) بووشتێکی زۆر جوان بوو، ئەویتریان (یادەوەری دەنگ ) ئەمکارەی ئەمجارە (ئۆدیبی زەردەشت) یەکەم لەحزەم کەچوومە ژوورەوە جوانترین دیکۆر جوانترین شت بەلای منەوە ئەو شەبەکە لۆکانە بوو، لەوە جوانتر بەلای منەوە ئەزانی چیبوو سووتانی ئەو لۆکانە بوو کە کاتێ سووتا، ئەوە جوانترین لەحزەی ئەم شانۆگەریە بوو کەمن بینیم، لەدوای ئەوە دانیشتنی ئەکتەرێك لە ئەکتەرەکان (کاردۆ ) لەگەڵ (دیدار مەجید) ئەوە ئەو تەقسەی لای من دروست کرد، بەڵام کە کاتێ دەنگ دروست بوو، من هەستەکەم گۆرا، گەڕامەوە بۆلای (یادەوەری دەنگ ) هەستمکرد دیسان گەرامەوە سەیری یادەوەری دەنگ دەکەمەوە، ئەتوانم بڵێم ئەو دەنگانە هەمان ئەو دەنگانە بوون کەوا لەوێ هەبوون، فریاد لە یادەوەری دەنگ خۆی تەمسیلی دەکرد، گوێم لە دەنگی یەك لە ئەکتەرەکان بوو وامزانی فریادە. لە ڤۆڵدەرەکە ناوی فریاد نەبوو، نیهاد پێی ووتم فریادی تیا نەبوو، کەدەنگەکە دروست بوو ووتم ئەمە موفاجەئەیە فریاد



نیهاد جامی



سیروان بێلانە



حوسێن سێودین



فریاد ئەحمەد



ئەسعەد عومەر

# ئەسعەد عومەر: کە هاتم بەڕاستی بە ڕوناکی و بە دەنگ ئەگەر لەوەی وا لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا بینیوومە زیاتر نەبێت لەوە کەمتری نەخستە ناو ڕۆحی منەوە

هاتە ژوورەوە، عەینەن یادەوەری دەنگ بەهەمان تۆن بەهەمان هین هاتە ژوورەوە، ئیقاع ئەو ئیقاعانەی کەوا کۆمەڵێك ئیقاع زرمە و لەزەویا بوو کە ئەکتەرەکان ئەیانکرد نەفسی ئەوە بوو کە شکۆ لە یادەوەری دەنگ دەیکرد.

فریاد ئەحمەد: ئەتوانین بڵێین بەکارهێنانەوەی دەنگ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتبوو لەگەڵ ئەزموونی پێشوو؟

تارق ناسح: نانا ناڵێم من هەستم ئەکرد ئەمە مەشهەدێك بوو لەدەنگەکەدا، بەڵام لە جەوی گشتیدا کەهاتمە ژوورەوە ناڵێم جوانترین لەحزە بەلای منەوە ئەو لۆکەیە بوو جوانتریش لای من سووتانی لۆکەکە، ئەوە جوانترین لەحزەبوو ئەتوانم بڵێم ئەمە گۆڕا، چونکە ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ ستایلی شانۆگەریەکەی تر بەسەرمانەوە ئەمێنێ لەوەیتردا، خاڵێکیتر هەیە مەسەلەی ڕیتم مەسەلەی ئیقاع، ئێمە ئیقاع یانی ئیقاعی کەسێتیەکانمان عادەتەن لەهەموو شانۆگەریەکدا سەیر دەکەی زۆرجار ئیقاعت هەیە، تۆ لەوە گەڕێ هەندێجار ئیقاعەکە دمدمدمدم، بەڵام شانۆگەری خۆی ئیقاعێکی هەیە، سەیرەکەی ئەو ئیقاعە لەسەر ئیقاعێك دەڕوات، من لە شانۆگەریەکەی تردا هەمان ئیقاع، لەوەی هاملێتیشدا هەر نەفسی ئیقاع، ئەوە ویستم بە نیهاد بڵێم ئاگات لە ڕیتم بێت. ئاگات لە ئیقاع بێت، بەیەك ئیقاع نەڕوات ئیشەکە، جەستە جولانەوەی ئەکتەرەکان هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان تەمسیلی ئەکتەرەکان یەك ئیقاعە، لەو سێ شانۆگەریەدا، بەڵام ئەوەشتان لەبیرنەچێت من ئەڵێم لە (یادەوەری دەنگ) دا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ دەنگ، من یەکێ بووم ئەلەوانە نیە کەبتێك لەناو خەڵکی ئێمەدا بوونی هەیە لەڕێی یادەوەری دەنگەوە هەستم ئەکرد ئەو کەبتە دەرئەچێت.

ئەسعەد عومەر: من پرسیارێکم هەیە بەڕاستی، من (یادەوەری دەنگ) م نەبینیووە، حەز ئەکەم زیاتر ڕوون بێتەوە بۆئەوەی لەیەك حاڵ تێبگەم، ئەمویست یەك شت باس کەم مەسەلەی کاری پشکنینی جەستە یا پشکنینی دەنگ لە شانۆدا یا پشکنینی ئەتمۆسفێر، بۆ نمونە لەوانەیە ڕۆژێك تۆ بچیە سەر قەندیل ئەم شانۆگەریە پێشکەش بکەیت، ئەمە پرۆسەیەکە یەك ئەویتر تەواو ئەکات، یەك پرسیارێکم هەیە: لە (یادەوەری دەنگ) دا تەنها دەنگ زاڵ بوو؟ دەنگ و جەستە چۆن بەیەکەوە ئەڕۆیشت؟

تارق ناسح: شتێ جوان بوو

ئەسعەد عومەر: باشە بەڵام ئەمجارەیان ئایا ئاوێتەکردنی

دەنگ لەگەڵ جەستەدا هەمان شت بوو.

تارق ناسح: هەمان شت بوو، بەڵام لەلایەنی شوێنەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، قەت گلەیم نیە لەلایەنی شوێنەوە، لەلایەنی هەڵبژاردنی شوێنەوە بۆ شانۆگەریەکان زۆر سەرکەوتوو بووە، تەنها دوو شانۆگەری نەبێت من سەرکەوتوویم تیا نەبینی (خاچ) بوو لەگەڵ (سەگ و دەف) ئەوانەی دوایی لەهەڵبژاردنی شوێندا زۆر سەرکەوتوو بوو.

فریاد ئەحمەد: ئەگەر لە (ئۆدیبی زەردەشت) دەنگ دووبارە کردنەوەی (یادەوەری دەنگ) بێت، ئەگەر ئێمە لەسەر دەنگ قسە بکەین، چ گۆڕانێك چ جیاوازیەك چ گەڕان و پشکنینێك و دۆزینەوەیەك لە (ئۆدیبی زەردەشت) هەیە؟

نیهاد جامی: پێش هەموو شتێك دووسەرنجی گشتیم هەیە، ئەگەر (ئۆدیبی زەردەشت) وەك ئیشەکانی تر تێپەڕیبوایە تووشی نائومێدیەیەکی گەورەی دەکردینەوە، بۆمن ناسین و بوونی ئەسعەد و قسەکردنی لە کۆڕە ڕەخنەییەکە پێی ووتم ئەو ڕێگایەی من پێی تێدەپەڕم هەڵە نیە تەواوە، هەمیشەش ووتومە گەر شانۆ بۆ دووکەس بکەم باشترە لەوەی بۆ دووهەزار کەسی بکەم، چونکە دواجار تۆ دەتوانی بینەرەکانی خۆت بدۆزیتەوە، زۆرجار دەکرێ بینەرەکەی تۆ شانۆکار نەبێت، دەکرێ سینەماکارێك یان ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بێت، دەکرێ بیرمەندێك بێ، خاڵی دووەم تایبەتە بەو سەرنجانەی مامۆستا تارق ووتی دیارە ئەو ڕۆژەش ئاماژەم بۆ شتێك کرد و ئێستاش دەیڵێمەوە بەبێ دیدێکی جیاواز بەبێ دەنگێکی جیاواز ئێمە ناتوانین قسە لە شانۆ بکەین، لەشانۆدا جوانیەکەی لەوەیە کەسمان لەوەیتر نەچین، بەدوای ئەوە ئینجا لەسەر قسەکانی دەڵێم ناکۆکیەك هەیە لەسەر ئاستی بینینداییە، یادەوەری دەنگ نەك مامۆستا تارق تەواوی شانۆکارانی کەرکوکی تووشی سەرسامی کرد لەبەر یەك هۆکاری سەرەکی بوو، دەنگ بوونی نەبوو یەکەمجار بوو بینەر دەنگی ئەبینی لەپاڵ جەستەدا دەربکەوێت، ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئەو بینەرە تووشی ورووژاندنێکی گەورە بێت، ڕەنگە من نەتوانم لەهەر ئیشێکدا ئەو ورووژاندنە گەورەیەت تیا درووست بکەم، ئەوە بەرەنجامی پانزە ساڵی ئیشکردن بوو، ئەوە دۆزینەوەیەکی مەزن بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی، بەدوای ئەوە بڕوام بەشتێ نیە پێی بووترێ ئیقاع. نازانم ئیقاع یانی چی؟ چونکە تۆ تێکستێکی نووسراوت نیە، تێکستێکی دەنگی نووسراویشت نیە، تۆچیت هەیە، لێرەوە دێمەوە سەر ئەو قسەیە من بەیانی حوسێن سیودین بێنمە ناو کارەکەمەوە وەك سینەماکارێك دەیهێنم، سیودین قەت ناتوانێ وەك فریاد دەنگ دەربڕێت، من زۆر پێچەوانەم لەم قسەیە لەگەڵتدا، قەت پێم وانیە دەنگێك ئەکتەرێك دەریدەخات هەمان ئەوە بێت کە یەکێکیتر دەری دەبڕێت، کاریگەری فریاد لە (یادەوەری دەنگ) دا لای من تێگەیشتنی تیۆریشی گۆڕیم، دوایی دێمە سەر ئەو خاڵەی. ئێمە بۆ ئەڵێین جەستەی کولتوری و هاوڕێیانی لابۆری لالش بۆ دەڵێن جەستەی ئاهەنگساز، بەڵام فریاد ئەو قەناعەتەی لا درووست کردم کە جەستەی کولتوری جەستەیەکی ئاهەنگسازە، دیارە لەڕووی میتۆدی جەستەوە ئەو قسەیە تەواوە، بەڵام ئێمە بەبێ دەرەنجامی پشکنینەکانمان نەمان دەویست بە ئاسانی باوەڕ بەو تێگەیشتنە میتۆدیە بێنین، (یادەوەری دەنگ) لەدەرەنجامی پشکنینەکان فێری ئەوەی کردین دەکرێ جەستەی کولتوری جەستەیەکی ئاهەنگساز بێت، ئەوە تایبەت و تێگەیشتنی فریاد ڕەنگە لەکۆمەڵێك دەقدا باشتر بێت لەبەر ئەوەی خۆی ئارەزووی لە فەلسەفەی خۆرهەڵات هەیە، ڕەنگە ئەکتەرێکی تر ئەو تێگەیشتنەی ئەوی نەبێت کە ئەو تێگەیشتنەشی نەبێت یانی قەت دەنگ وەك ئەو ناڵێت، ئەوە قەت لاسایی کردنەوە نیە، چونکە ئێمە دەنگێك ناسەپێنین، خۆ ئەگەر ئێمە گۆرانی بێژێکمان لەگەڵ بێت پێی ناڵێین تۆ وەرە گۆرانیم بۆ بڵێ، چونکە ئەوە گۆرانی نیە لە بنەڕەتدا، ئەوە دەنگێکە گوزارشت لەناخی تۆ دەکات، بۆیە پێم وانیە دەنگی یەکێك لەوەیتر بچێت، تێبینیەکیتر لەسەر مەشقی قاچەکان دەلالەت جیاوازە، ئەوەی ئەسعەد ووتی ئایا دەنگ و جەستە بەیەکەوە دێنەوە ئاوێتە ئەبنەوە ناو سیستمی نمایش، ئەگەر وابکەم من دەرهێنەرێکم هەموو دەرگاکان بەڕووی عەقڵی خۆم دادەخەم، بەڵام بڕوام وایە دەلالەتی جیاوازە، کە دەلالەت جیاواز بوو یانی مانا جیاوازە، کە مانا جیاواز بوو یانی تۆ گوتارێکی هاودژ جارێکیتر بنیات دەنێیتەوە، بۆیە پێویستە بپرسین جیاوازیەکان چیە؟ لە یادەوەری دەنگ دا ڕاهێنانی قاچەکان بۆ بەتاڵ بوونەوەی ناخە لەئەزموونی ژیانی خودی ئەکتەر، لێرە ڕاهێنانی قاچ بۆ بنیاتنانی سرووتە، ئەگەر بیرتان بێت هەرسێ ئەکتەرەکە بەدەوری کاردۆ دەسووڕانەوە، یەکەمجار شکۆ ووتی"موتی" لەفەرهەنگی هندیە سوورەکان ئەو دەنگە دەلالەتی (دایك) دەبەخشێت.

ئەسعەد عومەر: بۆ زانیاریت لە ئەڵمانیش یانی دایە.

نیهاد جامی: کە ووتی موتی، موتی ئەوەیە لەنێوان دەنگ و جەستە ئەلێرە یەکتری تەواو دەکەن، گوتارێك دائەمەزرێنن کە (یادەوەری دەنگ) بەهیچ شێوەیەك بەلایدا نەچووە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە (ئۆدیبی زەردەشت) لەڕێگەی دەنگ و

قاچەوە ســرووتی پاکبوونەوە درووستی ئەکات، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخـــات کە جیاوازی جەوهەری هەیـــە لەنێوان ئەو دوو ئەزموونە، قاچ کـــە لە (یادەوەری دەنگ) دا دێتەوە بۆ بەتاڵ بوونەوەی جەســتەیە، لەهەمووە ئەزموونە کولتوریەکانی خۆی بۆ ناو ڕووبەرێکی شـــانۆیی، ئەلـــەوێ قاچ هێندەی وەزیفەی تەواوکردنی دەنگە، یانی ئەوە نیە کە جەستە قسە ئەکات دەنگ نابێت، کە دەنگ هاتە گۆ جەســـتە بوونی نامێنێت، نا لەوێدا هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن، هەردووکیان دەبنەوە پێکهاتەی گشـــتی، بەڵام سەرەنجام دەکرێ ئەو تێگەیشتنەی تارق دەیڵێت ئەو تێگەیشتنەش ڕەوایەتی خۆی وەربگرێت بۆ وەرگرێك، چونکە تۆ کە نمایشـــێکی کراوە پێشکەش دەکەیت، ئەوە ئەچێتە ئەوەی خوێندنەوەی جیاوازیشت هەبێت، ئەبێت هەمیشە ئەو خوێندنەوە جیاوازانەشمان قەبووڵ بێت، تێبینیەکیتر ئەوەیە لە کۆڕەکە سیروان ووتی لەم شـــانۆگەریە ڕەنگە لەســـەدا دەی تێگەیشتبم، ئێمە چەند کەســـی وامان هەیە هەق بەخۆی بدات و ئەو جورئەتەی هەبێت بڵێ لەســـەدا نەوەتی ئەم شـــانۆگەریە تێنەگەیشتووم، ئەوەش پرسیارێکە بەڕاستی پێویستی بەووروژاندنە.

فریاد ئەحمەد: تیپی شانۆی ئەزموونگەری چەند چەمکێکیان فرێداوەتـــە نێوەنـــدی شـــانۆوە لەوانە (جەســـتەی کولتوری، دارشـــتنەوەی پانتایی، یادەوەری لەیادکراو) بۆچی تائێســـتا شـــانۆکارێك نیە پرســـیاری دەرهەق بەو چەمکانە هەبێت؟ بۆ لەلای شـــانۆکار نەبۆتە پرسیار کە لەجێگەی ئەکتەر جەستەی کولتـــوری و لەجێگـــەی دەرهێنەر دارشـــتنەوەی پانتایی، یا چەمکی یادەوەری لەیادکراو؟

ســـیروان بێلانە: پێـــش ئەوەی وەڵامی ئەو پرســـیارە بدەمەوە بەشێوەیەکی گشـــتی دەمەوێ لەسەر وەڵامەکانی ئەو بەڕێزانە بوەستم، ســـەرەتا لەسەر قسەکانی نیهاد دەســـت پێدەکەم، ئێمە کەباس لە ئەزموونگەری بکەیـــن، دەبێ باس لە دوو قۆناغی بکەین، (ئەزموونگەری تاوەکو تازەگەری) وە (ئەزموونگەری پـــاش تازەگەری)، چونکـــە ئەزموونگەری پێـــش تازەگەری کۆمەڵێـــك تایبەتمەندی خۆی هەبوو، ئەســـعەدیش پێم وابێ ئەزموونگـــەری گەڕاندەوە بۆ برێخت، بەڵام پێم وابێ زۆر پێش برێخت ئەزموونگەری بەشێوەیەکی زانستی ئیش کراوە، (سایس مانگن) کـــە دادوەرێکی موقاتەعەیەکـــی ئەڵمانیە لە ١٨٢٧ شانۆکارە و کۆمەڵێك ئیشی ئەزموونگەری دەکات، یانی سەرەتا لەپێش برێختیشـــەوە کاری ئەزموونگەری هەبووە، بەڵام دیارە ئەو ئەزموونگەریەی برێخت کردوویەتی جیاواز بووە، بێینە سەر قسەکانی تارق دوو سەرنجی ووت لەسەر (ئۆدیبی زەردەشت) من



**هەست کردن بە گوناه**

زۆرجیاوازیم هەیە لەگەڵ مامۆستا تارق دا ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت لەم دووکارەی نیهاد دا شوێن بوو، شوێن هیچ لە خزمەتی ئیشەکە نەبوو، سەبارەت بە ئیشەکانی تری قسەی لەسەر کراوە نامەوێ بگەڕێمەوە سەری، لە (ئۆدیبی زەردەشت) شوێن یەکێك بـــوو لەوانەی کە کاریگەریەکی زۆر نێگەتیڤی هەبوو بەســـەر ئەکتەردا، من بۆخۆم بوومە بەشـــێك لەناو ئەم شانۆگەریە، وەك بینەر بوومە بەشێك لەناو ئەم شانۆگەریە، بێئەوەی بزانم دەرهێنەر دایناوە من ببم بە بەشێك یاخود ڕاستەوخۆ بوومە بەشێك تیایدا، ئەکتەر جولانەوەی ســـنووردار بوو، ڕەنگە لەکاتی پرۆڤەدا زۆر سەربەســـت بووبێت لە جولانەوەدا، بەڵام من سنووردارم کرد لە جولانەوەکەدا، من کە ســـنوورێکم دانا لەپێشی ڕاوەستام، کاروخ دارێکی بەدەســـتەوە بوو، لەپرۆڤەدا دەستی درێژ کردووە بەڵام لەوێدا ناچاربوو دەســـتی ئاوا ڕابگرێت لەبەر ئەوەی من پێشیم گرتووە، پێم وابێ ئەمە بۆ شوێن دەگەڕێتەوە، من لە (یادەوەری دەنگ) یش ئەو سەرنجەم بۆ درووست بوو، شوێنەکە شوێنێکی وابووایە کراوە بووایە، ئەو دینگانە نەبوایە، بینەر بەدەورو پشـــت ســـووری بخواردایەوە، هەموو دیمەنـــەکان ببینێت، چونکە تۆ

کاتێ بەمن ئەڵێیت بینەر بگەڕێت بەدوای ئەکتەردا راستە هەقی خۆتە من دەبێ بگەڕێم، بەڵام کەمن دێم دینگەیەك پێشمی گرتووە لەودیویشەوە دیوارێکیتر پێشمی گرتووە من لێم ئەڕوا، ڕەنگە من لەم شانۆگەریە کۆمەڵێك دیمەنم لەم شانۆگەریە لەدەست بڕوات نەیبینم دوایی نەتوانم قسەی لەسەر بکەم، بەڵام لەکارەکانیتردا نا لەبەرئەوەی پانتایی کراوە بوو مەجالێکی باش هەبوو، بەڵام من بە بۆچوونی خۆم شوێن لە خزمەتی ئەم ئیشانە نەبوو، سەبارە بەو چەمکانەش فریاد کە لەپرسیارەکەدا دەرتبڕی، ئەگەر بمبوورن ڕەنگە من زۆرجار قسە بکەم و شانۆکارانی کەرکوك تووڕە ئەبن لێم، لەسەدا نەوەت و پێنجی وەڵڵا ئەگەر بڵێم نەوەت و نۆشی ڕەنگە موبالەغە نەبێت هێشتا مانای ئەو چەمکانە هەر نازانن.

فریاد ئەحمەد: بۆ نەبۆتە جێی پرسیار؟

سیروان بێلانە: لەبەر ئەوەی ئەسڵەن ماناکەی نازانن ئیدی پرسیاری چیبکەن، تۆ وەرە برۆ ڕاپرسیەك بکە لەناو شانۆکارانی کەرکوکدا ئەگەر لەسەدا نەوەت و پێنجی زانی جەستەی کولتوری یانی چی، وەرە بڵێ بۆ پرسیاری نەکردووە، من پێت ئەڵێم جاریێ واتاکەی نازانێ چیە، بەداخەوە شانۆکارانی ئێمە ئەوەنە کەمبایەخن بە ڕۆشنبیری خۆیان، هەوڵ نادەن و خۆیان ماندوو ناکەن، بەس ئەوەنەی پێی ئەوتترێ شانۆکار ڕائەوەستێ لە ئیشێکی ئاوادا کەمێك فەلسەفە ئەکات، فەلسەفە کردنیش ڕەنگە زۆرجار بە قسەکردنیش نەبێت بە جولانەوەش فەلسەفە بکرێت، دێ ڕائەوەستێ دەستی کردۆتە گیرفانی بە لالوتێکەوە قسە ئەکات سەیرێکی ئیشەکە ئەکات و دەرچووە دەرەوە ڕۆیشت نایێ بڵێ کاکە برا ئەمە چەند ئیشە، هەرچەندە بۆ ئەمانەت کۆسرەت عەبدولڕەحمان چەند جارێك لە پۆستەرەکانیدا هەندێك چەمکی بەکار هێناوە، بینیومە نووسیویەتی (پانتایی کراوە) (ڕاهێنەری کولتوری) شتێکی ئاوا وەك خۆی بیرم نیە، بەڵام لە پۆستەر و ڤۆڵدەرەکان بینیوومە، شانۆکارەکان دێن پۆستەرێکی ئەدەیتێ دێت سەیری دەکات نووسراوە (جەستەی کولتوری) وەك تۆ ووتت پرسیارێ ناکات، پرسیارێ لەخۆی ناکات، بەرلەوەی پرسیار لە تیپی ئەزموونگەری بکات پرسیارێك لەخۆی بکات: ئەمە بۆچیە؟ تائێستا ئێمە وتوومانە نواندن. ئەکتەرەکان. دەرهێنان، بۆ ئەمانە گۆڕاون. ئەمە چیە ئەمە؟ ئەگەر زاراوەیەکی تازەیە بامن بیزانم. بابڕۆم پرسیارێك بکەم؟ ئەگەر بۆ خۆدەرخستنە ئەگەر بۆئەوەیە بڵێم من زاراوەی تازەم پێیە بابیزانم، ئەگەر زاراوەیەکی زانستیشە لەپاش تازەگەری بەکاردێت، بەڵام بەداخەوە شانۆکارانی ئێمە وەکو ووتم من ناتوانم بە ڕەها قسە بکەم بڵێم لەسەدا سەد، بەڵام لەسەدا نەوەت و پێنج نەوەت و نۆ هەربای ئەوەنەی تێ ئەمێنێ بەوەی ڕەها نەبم زوڵم لە چەند کەسێك نەکەم لەشانۆکاران ڕەنگە بای خۆیان بزانن، ئەگەر پرسیاریشیان نەکردبێت ئەوانەش ڕەنگە باگراوندێکیان هەبووبێت لەسەر ئەو چەمکانە.

تارق ناسح: ئەزانی چی پێویست بەوە ناکات سیروان، ئێمە دانیشتووینە قسە لەسەر ئەو ئیشە ئەکەین.

حوسێن سیودین: ئەو تێبینیانە زۆر جوان بوو بۆ زاراوە و موفرەداتی کارەکە.

نیهاد جامی: لەسەر ئەوەی سیروان دەیڵێت، جاریێ لەسەر ئەو چەمکانەی فریاد وورووژاندی، دیارە هەر هاوڕێیەك پێشی ئێمە ئەو چەمکانەیان بەکار هێناوە، کە دەکرێ زۆر چەمکی تریشیان بەکار هێنابێت، بەڵام جیاوازی بەکارهێنانی ئێمە لەم چەمکانە لەگەڵ هەر شانۆکارێکیتر چیە؟ خاڵی جەوهەری ئێمە لەم جیاوازیەدایە، ئێمە تیۆریزەیەکی ئەو پڕۆژەیەمان هەیە بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) لەوێدا پرسیاری ئەوە دەکەین: کە بۆ دەڵێین جەستەی کولتوری؟ بۆ دەڵێین داڕشتنەوەی پاتنتایی؟ دەڵێین چەمکی دەرهێنان بوونی نیە، نەك لەبەر ئەوەی ئێمە دەرهێنەر ڕەتدەکەینەوە، لەبەرئەوەی ئێمە دەقێکمان نیە تا دەریبهێنین لە شانۆدا، وەزیفەی داڕشتنەوەی پانتایی کە هەمیشە من بەم کارە هەڵدەستم، وەزیفەی خوڵقاندنەوەی بۆشاییە، دەلالەت بەخشینە لە پەیوەندی نێوان جەستە و بۆشایی و ماتریال، مەبەستمان ئەوەیە ئەو چەمکانە تەنیا لەسەر ئاستی ناونان نیە، بەڵکو وەك چەمکی ئامادەکردنی نمایشە، ئەوە میکانیزمێکە بۆ پرۆسەی ئەزموونگەری لە شانۆدا، یانی ئێمە تێگەیشتنێکی تیۆریمان بۆی هەیە، سەرنجێکیتر لەسەر شوێن، من وەك ئێوە سەیری شوێن ناکەم کە سەرکەوتووە یان سەرکەوتوو نیە، ئاوا سەیری ئەکەم، دەچینە ئەو شوێنە ئەزموونێك ئەنجام دەدەین، ئەگەر هاتوو نمایشەکە قبووڵ کراو بوو، کەواتە شوێنەکە سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنەوە، ئەگەر بێت و جیاوازی شوێن دەست نیشان بکەین لەهەردوو ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) و(ئۆدیبی زەردەشت) هەردوو بیناسازی هۆڵەکە وەکو یەك بوون، ئەوە نەبێت لەئیشی دواتر هۆڵەکە لەوەی پێشوو فراوانتر بوو، ئەوەش کاری جەستە و داڕشتنەوەی زەحمەتتر کرد، ئێمە لە شوێندا جیاوازیمان لەچیکرد؟ کە تائێستا گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر خۆم نەیرووژێنم قەت گفتوگۆشی لەبارەوە ناکرێت، شوێن لە (یادەوەری دەنگ) بریتی بوو لە تەواوی هۆڵەکە، یانی ئەکتەر دەچووە شوێنی بینەر، بینەریش دەیتوانی



**شانۆی فرە کولتوری لەنێوان ئەفسانەی گریکی و ئاینی زەردەشتی**

بچێتە شوێنی ئەکتەر، بەڵام شوێن لە (ئۆدیبی زەردەشت) دا وانەبوو، ئەکتەر هێڵێکی بۆدەست نیشان کرابوو نابێت لەو هێڵە تێپەڕێت، بەڵام بینەر بۆی هەیە سنوری خۆی ببەزێنێ و بچێتە شوێنی ئەکتەرەوە.

ئەسعەد عومەر: هەربۆیە تۆڕەکەشیان سووتاند.

نیهاد جامی: بەڵێ ئەوە چوونە ژوورەوە و دەروازەکردن بوو بۆبینەر.

سیروان بێلانە: من ئەکتەرم بینی لەدەرەوە هاتە ژوورەوە.

تارق ناسح: نانا نەهاتە ژوورەوە.

حوسێن سیودین: نا ئەکتەرەکان هەر لە ژوورەوە بوون.

نیهاد جامی: ببورە سیروان شتی وا نەبووە، ئەو دیوارەی کەسووتێنرا ئەوە دواین سنوری ئەکتەر بوو.

سیروان بێلانە: من تا ئەو لەحزەیەش وامزانیوە ئەکتەر لەدەرەوە هاتۆتە ژوورەوە.

نیهاد جامی: نانا ببورە شتی وانەبووە.

فریاد ئەحمەد: چۆن سەیری دەنگ دەکەیت لەم نمایشەدا؟ ئایا لەبەکارهێنانی دەنگ لێکچوونێك یان نزیکیەك دەبینی لەنێوان ئەو ئەزموونە و ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش؟

ئەسعەد عومەر: پرسیارێکی قورسە لەبەر ئەوەی من کارەکانی لابۆری لالشم نەبینیووە، بەڵکو تەنیا لەسەریانم خوێندۆتەوە، بۆیە ناتوانم بەراووردیان بکەم، بەڵام کاری تری لەم جۆرەم بینیووە، دەنگیش بۆمن تێگەیشتن نیە بەقەد ئەوەی ئەو دەنگە چەنێك هەست بەو دەنگە بکەم، چەنێك ئەو دەنگە دەبینم، چەنێك ئەو دەنگە دەبێت بە کۆمەڵێك ڕەنگ یان ڕەنگی جیاواز، ئەلێرەیە مەسەلەکە. مەسەلەکە لەوە نیە دەنگەکان دەنگن ئیتر، بەڵام دەنگ چۆن ئەتوانیت ببیینیت، کەئەڵێین ببیینیت یانی هەستی پێبکەیت، ئەو دەنگە چ ڕەنگێکت لا درووست ئەکات، من ئەوها زۆرجار مامەلە لەگەڵ دەنگدا دەکەم، چەند هارمۆنی درووست ئەکات، لەبونیادی سەرجەمی کارەکەدا لەگەڵ جەستە و لەگەڵ دەوروبەر، گرۆتۆفسکیش زۆر ئەو چرایانەی لەکاتی خۆی بەکار هێناوە، ئەویشیان زیاتر بە خوێندنەوە ئاگاداریم، (کوردۆ گەلالی ) کاتی خۆی هاتووچۆی پۆلۆنیای کردووە بۆ بینینی کارەکانی گرۆتۆفسکی، من لەسەرجەمی ئەوکارەدا هەستم بە هارمۆنیەك کرد لە دەنگ و جەستە و جولانەوە، بەڵام وەك لە کۆڕەکەش ووتم داخێکی گران کە ڕووناکیەکە کەمێك زیاتر بووایە من زیاتر شتەکانم وەردەگرت، بەڵام دەنگەکان دووبارە بوونەوەی تیا بوو دووبارە بوونەوەی بە ئەنقەست، ئەوە بۆچیە هەندێ جار شت دووبارە دەکەیتەوە بۆ ئەوەی ئەوە بگات.

حوسێن سیودین: لەسەرەتاوە باسی ئەوەم کرد کە نمایشی لەمجۆرەم بینیووە، یەکێ لەوانە گروپێك هەیە لە ئەمستردام،

ئەو ماڵەی بەتاڵ بێت داگیری دەکەن و چالاکی هونەری تیا ئەنجام دەدەن، ئەوان بەهۆی ئەوەی دەرەنجامی ئەو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەن، لەهونەر و لەهەستانی هەموو شتێکیاندا بەرجەستە کراون کاتێ کاری لەمجۆرە دەکەن، یەکێ لەوکارانەی تائێستا سەرنجی ڕاکێشاوم و لە مێشکمدا ماوە، بەتایبەت ئێمە باسی بڕێخت ئەکەین لەڕووی لابردنی دیواری چوارەم، لە (ئۆدیبی زەردەشت) سووتاندنی ئەو پەردەیە لەڕاستیدا لای من ئیماژێکی زۆر جوان بوو، بەڵام هەر بەومانایە نا کە بینەر تێکەڵی شانۆ بێت، ئەبوایە لەدەرگای یەکەم کە شتێك دەست پێ دەکات، ئەم گروپە تەماشاکەرە کە دەرگای یەکەم پەردەکە سووتێنرا، کەبەڕاستی چووینە ناو بابەتەکەوە لەو سێگۆشەیەوە من لە قووڵایدا نەمدەتوانی ببینم، چونکە کۆمەڵێك خەڵك لەوێ بوون، یانی شوێنەکە بەشێوەیەکی وا دابەش نەکرابوو، کە بینەرەکە بتوانێ بەدوای ڕووداو ئەوەیتر ببینێت، یانی ئێمە لەگەڵ سووتانی چووینە ناو بابەتەکەوە دوای ئەوە نەمانتوانی بڕۆین، وابزانم ئەوەش مەبەستێکە کەبتوانین بڕۆین.

تارق ناسح: وەڵامی شتێکم نەدایەوە، بەکارهێنانی ئەو شوێنە مێژوویانە کە نیهاد بەکاری ئەهێنێت، دەڵێت من دیکۆر بەکار ناهێنم، بەڵام ئەو بەکارهێنانە گەورەترین دیکۆرە کە بەکاری ئەهێنیت، بەلامەوە ئەو شوێنە چۆلە کە کەسی تیا ناژی ئەو دێت زیندووی دەکاتەوە، زیندووکردنەوەی ئەو شوێنانە شتێکی زۆر گرنگە، کەئەو ئەزموونانەی تیا ئەنجام دەدات، ئەوە شتێکی زۆرجوانە، ئەوە گەورەترین دیکۆرە بەلای منەوە.

سیروان بێلانە: لەسەر قسەکانی ئەسعەد کە باس لە دووبارە بوونەوەی دەنگ دەکەین، کەباس دەکرێ مەبەست لەیەك بەرهەم نیە، لەبەرهەمێکدا زۆر واردە کەتۆ دووبارە بوونەوەت هەبێت، بەڵام کاتێ باس لە جیاوازی ئیشێك لەگەڵ ئیشی ڕابردوو دەکەیت، شوین خزمەتی ئەکتەر و دەرهێنەری کردووە کەئەیبەستیتەوە بە بینەرەوە لەوەوە ئەڵێم خزمەتی نەکردووە، دەنا خزمەتی ئەکتەر و دەرهێنەری کردووە، کە ئەڵێم سەرکەوتوو نەبووە بەهۆی ئەوەی دوایی بینەریش دەبێتە بەشێك لە نمایشەکە.

فریاد ئەحمەد: دەنگ و جەستە هەریەکە خۆی دەنووسێتەوە لەپێناو بونیادنانی گوتارێکی سیمیۆلۆژی لە (ئۆدیبی زەردەشت) دا، ئایا ئەو دوانە توانیان گوتارێکی سیمیۆلۆژی بنیات بنێن؟

تارق ناسح: بەبۆچوونی من شتێکی زۆرجوان بوو، پێتانم ووت کە جوانترین لەحزە بەلای منەوە کە لە (یادەوەری دەنگ) دا، ئەو دەنگانەی بەکارهێنا لەگەڵ جەستەکاندا شتێکی زۆرجوان بوو زۆر کاریگەری تێکردم، لەبەر ئەوەی پێش ئەوە من شەش حەوت کاری تریم دیووە دەنگی ئەمجارە دەنگ بەکارهێنرا لەگەڵ جەستەدا بەشێوەیەکی زۆر ووردبین و زۆر جوان، ئەوە زۆر سەرکەوتوو بوو.

فریاد ئەحمەد: من مەبەستم لە بونیادنانە مامۆستا، کە ئایا دەنگ و جەستە توانیان گوتارێکی سیمیۆلۆژی بنیات بنێن؟

تارق ناسح: بەڵێ

فریاد ئەحمەد: چۆن؟ ئەگەر بۆمانی دەست نیشان بکەیت؟

تارق ناسح: توانی لە خزمەت ئەو فکرەیەی نیهاد بێت، لەڕاستیەکەیدا من (یادەوەری دەنگ) جێگای سەرنجی من بووە، بۆیە هەمیشە قسەکانم لەسەر ئەو ئەزموونەیە، بەڵام لەم ئیشەدا وەك ووتم زیاتر ئەو پەردانە. سووتانی پەردە لۆکەکان ئەوانە سەرنجی ڕاکێشا.

فریاد ئەحمەد: ئێوە هەوڵتان بۆ بنیاتنانی ئەو گوتارە سیمیۆلۆژیەدا لەڕێگەی جەستە و دەنگەوە تاچەند سەرکەوتوو بوون؟

نیهاد جامی: تۆسەیرکە ئامادەبوونی گوتاری سیمیۆلۆژی لەئەزموونێکی وادا پەیوەستە بە ئاگاییەکی ڕەخنەیی قووڵی بینەرەوە، بوونی گوتاری سیمیۆلۆژی لەمانا فەلسەفیە زانستیەکەی تەنیا بریتی نیە لەو ئامادەیەی لەڕێی کۆدی ئەکتەرەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، گوتاری سیمیۆلۆژی لەڕێی دەنگەوە لێمان دەپرسێت: ئایا دەنگ ئەتوانێت بونیادێکی کەرنەڤاڵی دابمەزرێنێت؟ ئەگەر توانای ئەوەی هەبوو ئەوساتە دەبێ ئاماژەکان جیا بکەیتەوە، بۆ بنیاتنانی گوتاری سیمیۆلۆژی دەبێ تۆ دوو جۆر ئاماژەت هەبێت، ئامائەی دەنگی چیە؟ ئاماژەی جەستەیی چیە؟ بەڕاستی ئەو پرسیارەی تۆ دەیکەیت لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ مامۆستا تارق، بەڵام پرسیارێك نیە ئاوا بە هەرەمەکی وەڵامی بدەینەوە، چونکە پرسیارێکە دەکرێ توێژینەوەی تیۆری لەبارەوە بنووسرێت، بۆمن دەبێ زۆر بە قووڵی قسە لەسەر ئەوە بکەم، ماتریالە دەنگیەکانی ئێمە بریتین لە چی؟ ئاهورا ئاماژەیەکی دەنگیە، ئایا گوتاری سیمیۆلۆژی بەتەنیا بەرهەم دێنێت بۆ نزا و پاڕانەوە، یا ئەتوانێت جارێکیتر هەموو بونیادە دەلالیەکانی تێکبشکێنێت بۆ ڕوناکی بەکاری بهێنێت، چونکە ئەگەر پەتاکە لە ئۆدیبی سۆفۆکلیس بریتی بێت لەوەی تاعونێك بەرپا بووە، بەڵام دەنگی ئاهورا لەلای ئێمە توانای گۆڕینی پەتاکەی هەیە بەوەی هەرکەسێك بەردەبێتەوە کوێر دەبێت، لێرەدا دەنگی ئاهورا دەلالەتە بۆ ڕوناکی چاو. ئاهورا بۆ من دیدگایە، ئەوەش تێکشکاندنی ماناکانی یەکەمە

بۆ ئاماژە بۆ ئەوەی مانای دووەم لە ئاماژە درووست بکات کە دیدگای بینینە، لەپاڵ ئەوەدا ئێمە ئاماژەی جەستەیمان هەیە، بردنی دیدار لەلایان کارگەرەوە لەشێوەی مرۆڤی سەرەتایی، لەوێ قۆناغێکت هەیە پێی دەڵێت ئیباحەی سێکسی، لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی (کیر ئیلام) کە دەڵێت "هەرشتێك لەسەر شانۆیە ئاماژەیە" کەتۆ هاتی لە میتۆدی سیمیۆلۆژیەوە لەسەر نمایش قسەت کرد، ئەبێ بەپێی ئاماژەکان نمایش بخوێنیتەوە، چونکە لەو وێنەیەدا دەرخستنی دوو قۆناغی مرۆیمان هەیە، شکۆش دێت دەیەوێ سێکسی لەگەڵ بکات، بەڵام قۆناغی دووەم بەپێی بۆچوونی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان قۆناغی دایکسالاریە، ئەوسا دیدار لەم قۆناغە هەردوو مرۆڤەکە بەفەرمانی خۆی دایان دەنیشێنێتەوە، لێرە ئامادەبوونی گوتاری سیمیۆلۆژی چیە؟ گوتاری سیمیۆلۆژی پێمان دەڵێت گرێی ئۆدیب کوشتنی باوك و سێکسکردن لەگەڵ دایك لە ئۆدیبەوە دەست پێناکات، دەڵێ لەگەڵ مرۆڤی شامپازی و نیاندرتاڵ دەست پێدەکات، بیرت بێت کاتێ کاردۆ دوور خرایەوە لەسەر کورسیەکە ئەداکە گۆڕا، بەڵام لەبنەڕەتدا بانگ بوو (الله اکبر) بوو، گوتاری سیمیۆلۆژی لێرەدا کۆمەڵێك دەلالەتمان پێ دەڵێت، ئەوە وەزیفەی سیمیۆلۆژیایە لە شانۆدا، کە کۆمەڵێك دەلالەتی جیاوازمان پێ بڵێت، ئەو دەلالەتە جیاوازانە چیە؟ تێگەیشتنت لە شامپازیەوە بۆ دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەر دەبێ تێگەیشتنێکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوریی بێت، بەڵام لەگەڵ سیمیۆلۆژیای نمایشدا بخوێنرێتەوە، دیارە ئێمە لەدوای هەموو نمایشەکاندا قوربانی چەند دەستەواژەیەکی وەکو "ئەم نمایشە زۆر خراپ بوو" یا "ئەم نمایشە زۆر جوان بوو" بۆ ئەوەی ستایش و سەرزەنشت کردن بکەینە دەرەوە لەنمایش، دەبێ ڕەخنەی جدیمان هەبیت، تاڕادەی ئەوەی گەر ڕەخنەکانمان بووە هۆی بریندارکردنی یەکتریش، بەڵام خۆ ئێمە دووژمنی یەکتری نین، ئێمە هاتووین قسە لەسەر شانۆ دەکەین، با ئاماژە بە خاڵێکی تریش بکەین باسی ستایل کرا، کە ئەو ستایلە و ستایلی (یادەوەری دەنگ)، حەزئەکەم ئەوە بۆ هەموو لایەك ڕوون بێت ئەوە ستایل نیە، ڕەنگە گەنجێکی سەرەتایی شانۆ بتوانێ بینەر ڕازی بکات بڵێت ئەوە ستایلی منە لە شانۆدا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەیکات ستایل نیە، نە ستایلی تیپەکەیە نە ستایلی نیهاد جامیە، بەڵکو ئەوە گەڕان و پشکنینە لەپێناو دۆزینەوەدا، لەهەر شوێنێك هەست بە دۆزینەوە بکەین، دەبێ بەجێی بێلین سەرلەنوێ بەدوای نهێنی کەشفنەکراو و نەزانراو هەنگاو بنێین.

تارق ناسح: ئێمە ئێستا هەموو شتە جوانەکانمان خستە ڕوو ناشیرینەکانیشمان ووت، حەزئەکەم هەموو نمایشێکی شانۆیی کە ئەکرێ ئاوا بەو شێوەیە قسەی لەبارەوە بکرێت، وەك نیهاد ووتی هەموو بینەرێك دیدی خۆی هەیە.

حوسێن سیودین: ئێستا ئێمە کە بناغە و مێژووی شانۆی ئەزموونگەری باس دەکەین، بەڵام ئێمە کاتێ ئەچین بۆ شانۆ ئەو تیۆرانە بە ئێمە ناڵێت، شانۆکە خۆی دەبێ بەرجەستەی ئەو تیۆرە بکات، لەوەدا دەنگ لە شانۆگەری (ئۆدیبی زەردەشت) دا وا هەست ناکەم ئەوە زۆر بەجەستە بووبێت، ئایا ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری بینەر؟ بەڕای من ئەمە ڕاست نیە بینەر هەرچەندە ناشارەزا بێت، بەڵام وەستایەکی باش بێت هەر ئەبێ ئەو پەیامە بگەیەنێت، جا لەوەدا من ئێستا لەتیۆریەکەی باشتر لە نیهاد تێدەگەم.

فریاد ئەحمەد: من ئێستا ئەو پرسیارە دائەڕێژمەوە و ئاراستەی نیهاد جامی دەکەم: نەگەیشتنی هەندێك لەو چەمکە دەنگیانە بە بینەر لای تۆ وەك دەرهێنەر نەشارەزایی و نائاگایی بینەرە، یان لای ئێوە تێکشکاندنی ووشە مەبەستە؟

نیهاد جامی: خۆی یەکێك لە جوانیەکانی ئەو ئیشانە ئەوەیە کە یەکجۆر تێگەیشتن لای بینەر درووست نەبێت، دوای ئەوە دەبێ ئەوە بزانین ئێمە ووشە مان نیە، ئێمە وێنەی دەنگیمان هەیە، لەمیتۆدی سیمیۆلۆژیدا ئەگەر سەیر بکەیت کاتێ دەڵێیت شەراب، لەهزری تۆدا وێنەی شەرابت هەیە، بەڵام کاتێ دەنگێك لای ئێمە دەبیستی، ئەو دەنگە لە بنەڕەتدا وێنەیەکی ڕەها و کۆنکرێتی نیە، بەڵکو وێنەی دەنگی هەیە، ئەوەش پەیوەندی بە زانستی دەنگناسیەوە هەیە، تا ئێستا لە ڕۆشنبیری شانۆیی ئێمەدا نووسینێکمان نیە لەسەر دەنگ لە شانۆدا، تەنانەت لە ڕۆشنبیری عەرەبیشدا نووسینێکی جدی نیە، ئەوەی هەیە پەیوەستە بە ڕاهێنانی ئەکتەر ڕاهێنانی دەنگە، پرۆسەی ئامادە بوونی دەنگ نیە لە شانۆدا، پێویستە ئەوانە جیا بکرێنەوە، بەڵام لەسەر ئەو قسانەی سیودین و سەرنجەکانی کاتێ ئێمە باس لەگوتاری سیمیۆلۆژی دەنگ بکەین هەموو ئەو سەرنجانە تێکدەشکێن، چونکە ئەوە هێندەی پێویستی بە توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی هەیە کە لەو نێوەندە شانۆییەی ئێمە ئەو گوتارە نا ئامادەیە، ئێمە خۆمان داوا لە شانۆکارەکان دەکەین کەبێن چی تێڕوانین و ڕەخنەیان هەیە لەسەر کارەکانمان بینووسن تاوەکو خۆی لە شانۆکار بڵاو بێتەوە، دیارە لە ژمارەی پێشووی

گۆڤارەکەشمان کارێکی لەو شێوەیەمان کردوو مەلەفێکی تایبەتمان بۆ تەرخان کرد.

سیروان بێلانە: من سەرنجم لەسەر قسەکانی تارق و نیهاد هەیە، تارق دەڵێت قسەمەکە بەشانۆکارانی ئێرە، نیهاد لەدوای هەموو ئیشەکانی کۆڕی ڕەخنەیی کردووە، من هەمیشە پێم ووتوە کۆڕ مەکە ڕەنگە لە مێزگردێکی ئاوادا سوودی لەوە زیاترە کە کۆڕ بگیرێت، چونکە ئەوانەی قسە دەکەن لە کۆڕەکان سێ چوار کەسن، ئەو سێ چوار کەسە بێنە ئێرە لە مێزگردا قسە بکەن خزمەتی زیاترە لەو کۆڕانە، ڕەنگە لەوێ کەسێکی وەك من تەنیا بۆخۆدەرخستن هەڵبستێت قسە بکات، من وەك وەرگرێك ڕەنگە زۆر شتم لە (ئۆدیبی زەردەشت) بەسەردا تێپەڕیبێت، ئەوەندە تاریك بوو هەستم نەکرد دیمەنێك هەبووە ئیباحەی سێکسی بووە، لەبەر ئەوەی تاریکیەکە وای لێکردم کۆمەڵێ شتم بەسەردا تێپەڕێت.

ئەسعەد عومەر: من نزیك بووم لەوەی ئەوەی باسی کرا بۆیە بینیم.

نیهاد جامی: ببورە سیروان ئەوەی تۆ دەیڵێیت و ئەوەی مامۆستا ئەسعەدیش دەیڵێت، تاریك بوونی هۆڵەکە ڕەنگە بۆ فیگورەکە کاریگەری هەبووبێت، بەڵام بۆ تەواوی کردە شانۆیەکە باوەڕ ناکەم کاریگەری هەبووبێت.

ئەسعەد عومەر: وایە، دواتر لەسەر دەنگ گرنگە چۆن دەلالەتێك بدات بەو دەنگە وەچۆن بونیاتی بکات ئەو دەنگە؟ بۆنمونە لە چین بۆ هەر شتێك وێنەیەك هەیە، چینیەك کە ئەو وێنەیە دەبینێت دەنگێك دەردەبڕێت، وەك چۆن ئێستا نیهاد ووتی کاتێ دەڵێین شەراب وێنەیەك دەبینین، کاتێ دەنگێکیش وێنەی نەبوو تۆ هەڵدەستی وێنەی بۆ درووست دەکەیت، تێکشکاندنی ئەڵڵاهو ئەکبەرەکە کە باسی کرد بۆ ئەوەیە وێنەیەکی تری بداتێ، من لەم نمایشەدا زۆر هەستم بە ئاهورا کرد، کەتۆ دەتەوێ تێکیبشکێنی و ناتەوێ جارێکیتر تەقدیسی بکەیتەوە، من لەو فلمە دیکۆمێنتیەی کردوومە ئێستا هەمان ئەڵڵاهو ئەکبەرم بەکار هێناوە، بەڵام زۆر بەتێکشکاوی لەناو تەقینەوە و سووتانی خەڵك، یانی هەست ئەکەیت ئەو ئەڵڵاهو ئەکبەرەی بەیانیان نیە، جا تێکشکاندنی دەنگ تۆ دەتوانی لە سینەماش بەکاری بێنیت.

نیهاد جامی: ئێمە ئیقاعمان نیە، بەڵکو ئاستی بینینمان هەیە، ئەگەر زۆرجار سەیرکەی هێلەکە ئاسۆییە، دواتر وێنەکە دەگۆڕێ دەبێ بە ستوونی، ئەوەش کاتێ پرۆسەی شانۆ لەناو شانۆمان هەیە، کاتێ هەڵدەستن بە نمایشی ئۆدیبی سۆفۆکلیس ئیتر بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئەوە پرۆسەی شانۆیە ئاستی بینین دەچێتە ستوونی، لەوێ ڕەنگە کەمتر ئەو وێنەیە بە ڕۆشنی ببینرێت، کەمەبەستیشمانە لەڕوناکیدا نەبینرێت، چونکە تاوانی کوشتنی باوکە لە ئۆدیبدا، کاتێ دارەکە ئەکات بە شمشێر لەتاریکیەکەدا لێی دەدات لەوێدا ئۆدیب باوکی دەکوژێت، بەڵام لەکوێ مەبەستە ببینرێت؟ کاتێ جۆکاستا لێرە دەردەکەوێت، کاتێ دارەکە ئەکات بە شمشێر و بەزەبری دارەکە دەسەڵات وەدەست دێنێتەوە، کە ڕێك تەئویلی فرۆیدیە، دارەکە دەبێتەوە ئەندامی سێکسی نێرینە، بۆ وەڵامی مامۆستا تارق حەزئەکەم ئەوەی پێبڵێم کە ئێمە ئیقاعمان نیە، بەڵکو ئاستی بینینمان هەیە، ئەکرێ ئاستی بینین کە گۆڕا تۆ ناوی بنێیت ئیقاع من پێی ئەڵێم گۆڕینی ئاستی بینینی وێنە، وێنە لە ڕەهەندێکەوە ئەچێتە ڕەهەندێکیترەوە.

سیروان بێلانە: ئەگەر بکرێ لەسەر بونیادی جەستە و دەنگ سەرنجێکم هەیە، ئەگەر دەنگ نەبوایە من نەمدەزانی کولتوری هندی ئامادەبوونی هەیە لەناو کارەکەدا، ئەوەوی بەمن گەیشت لەڕێگەی دەنگەوە بوو، کە سرووتێکی هندی هەبوو ئەوە من لەڕێگەی دەنگەوە پێم گەیشت زانیم کولتوری هندی لەناو شانۆگەریەکەدا بوونی هەیە، کولتوری کوردی بوونی هەیە. کولتوری یۆنانی بوونی هەیە، جولەکانیش کە من باس دەکەم جولەیەکم بەسەردا تێپەڕیووە کەباس ئەکەم ئیباحەی سێکسی ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە تاریکیەکە وای لێکردبم هیچم نەبینیبێت، (ئەبی هۆڵ) باوکی ئۆدیب من لەوێ وابینیم ئەو کەسێتیە دڕندە و ناشیرینە تۆ جوانت کردبوو، چونکە تۆ گەڕاندووتەوە بۆ سەرەتای مرۆڤ کە کردووتەوە شەمپازیەك بۆ من، کەسێکی توندوتیژی وەکو باوکی ئۆدیب ئەو ڕەفتارانەی کە هەبوویێت جوان بووە ئەوە لەڕێگەی جولەوە من بینیم، یانی تاریکیەکە وای لەمن نەکرد کە ئەوە نەبینم کە ئەبی هۆل بۆوە شەمپازیەك و گەڕاوە وەکو مرۆڤێکی نیاندرتاڵ، یانی کەباس دەکەین لەهەردوو لایەنەوە لە بونیادی دەنگ و بونیادی جەستەوە پێم گەیشتووە، بەڵام ڕەنگە لەهەردوو لاوە لێم ڕۆیشتبێ، بۆ نمونە من کەسێکم بەعەیبی نازانم ئامورا مانای چیە؟ ئەوەی کەتۆ باست کرد من لە بنەڕەتدا ووشەکە نازانم.

ئەسعەد عومەر: ئاهورا

سیروان بێلانە: ئاهورا، ئەمە شەرم نیە کە من بڵێم نایزانم، بەڵام کەسمان هەیە دەڵێ تێیگەیشتم، من موغم پێگەیشت، بەڵام ئاهورا نەمزانی مەبەست چیە. پێم نەگەیشتووە خۆ ئەوە شەرم نیە، ئەگەر بڵێم لەسەدا سەد ئیشەکەم هەموو پێ گەیشتووە نا



گەنم داوای کوڕە کویرەکانی ئۆدیبە لە دایکیان

ئەوە بینینی منە.

فریاد ئەحمەد: میتۆد لەم نمایشەدا تاچەند توانای ئەوەی هەبوو بونیادێکی جیاواز لە ئەفسانە ببەخشێت، یانی ئەفسانەیەکی یۆنانی چۆن بە جۆرێکی جیاواز لەڕێی ڕیتوالەوە لەم نمایشەدا بونیات بنرێتەوە؟

تارق ناسح: من هەر لەسەرەتاوە پێتم ووت، ئەمە دیمەنێك بوو لە (یادەوەری دەنگ) ئەوە بۆچوونی منە لەم ئیشەی نیهاد دا، ئیتر من ئاوا لێی گەیشتوومە لە ئیشەکەدا، نیهاد ئێستا هەندێ شتیشی بۆم باسکرد، بەس من نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی بڵێم ئەم ئیشە ئیشێکیتر بووە، بەس لەڕووی ئەوشتانەی کەوا باسم کرد، تەنیا لەڕووی ئەو شتانەوە دەتوانم بڵێم گۆڕاوە، لەڕوویەکیتردا هێشتا نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە بڵێم گۆڕاوە.

سیروان بێلانە: بەیارمەتیتان جارێ ئێمە هەر چوارمان نیهادیش وەك دەرهێنەر ئایا ئێمە هەموومان کارەکەمان تا کۆتایی بینیووە؟

تارق ناسح: من تاکۆتایی بینیم، بەڵام یەك شتێکت پێبڵێم، بۆیە ووتم جوانترین شت کەمن هاتمە ژوورەوە ئەو هینەبوو ئەوەی سەرەتا، دواتر دانیشتنەکەی کاردۆ و دیدار ئەو سرووتەی بۆمن درووست کرد کەمن هاتمە ناو شتێکی کولتوریەوە، بەڵام لەنیوەدا بەڕاستی من ئەو تۆز و خۆڵە وای لێمکرد تەرکیزم لەسەر شانۆگەریەکە نەبات، وام لێهات هەر دەرنەچوومە دەرەوە هەر لە ژوورەوە بووم بەس تەرکیزم نەما، تەرکیزم نەما لەسەر شتەکان، هەتاکو ئیقاعەکە کە ئیقاعەکەی کرد من تەواو بووم.

حوسێن سیودین: من ئەو تێبینیەی نیهادم زۆر پێ جوان بوو، لەپاش نمایشەکە ووتی "ئێمە وەختانێك سەردەمانێك لەناو ئەو فتیلە و تەپ و تۆزە ژیاین وەکو نەتەوە، بەس ئێستا نمایشێکی نیو سەعاتیمان تەحەمول نەکرد" من بەڕاستی ئەوەم زۆر پێ جوان بوو، هەق بوو تۆش تەحەمولی بکەی.

نیهاد جامی: زۆرجار مامۆستا تارق دەڵێت دووبارە کردنەوەی (یادەوەری دەنگ) ی تیا بوو، ئەو حوکمە ڕەهایە زۆرجار دەرەنجامی تێگەیشتنێکی قووڵە لە شانۆدا یاخود ئەگەر وابوو تۆ هەموو بونیادەکان هەڵدەوشێنیتەوە لە سێنتەری گوتار ئەدەیت بۆ ئەوەی سێنتەری گوتار هەڵوەشێنیتەوە، هەموو بونیادەکان دەخەیتە بەر لە سیستمی ڕێکخەری گوتار، ئەوە تێگەیشتنی (جاك دریدا) یە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتار کە دەڵێت "چۆن دوای هەڵوەشاندنەوەی گوتار جارێکیتر بونیادەکان دەنووسینەوە" چونکە یەکێك لە تایبتمەندیە جوانەکانی بونیاد ئەوەیە وەك گوتار سێنتەری نیە، لێرەوە ئەوەی تارقی وا لێکردووە حوکمی ڕەها بدات لەژێر ئەو تێگەیشتنەوە پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتار نیە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕیتوالە کە ئەو نەیتوانیوە بونیادێکی بەشداربووی ناو ڕیتوال بێت، بە بەڵگەی ئەوەی خۆی دەڵێت تەرکیزی نەماوە و لووتی گرتووە بۆ ئەوەی نەخنکێت، ئەوەش دەمانگەیەنێ بەو دەرەنجامەی ئەو حوکمەت پەیوەندی بە لاوازی مەعریفەی تۆوە هەیە بۆ ڕیتوال، لەبەر ئەوە مەرجنیە هەموو شانۆکارێك لە چەمکی ڕیتوال تێبگات، دواتر ئەو پرسیارەی فریاد تۆ دەیلێیت کە بەداخەوە مامۆستا تارق بەلایدا نەچوو، پەیوەندی ڕیتوال بە ئەفسانەوە، لە ئەفسانە گریکیەکە ڕیتواڵێك هەبێت پەتاکەیە، کە پەتاکە ڕوو دەدات ئۆدیب پرسیاری ئەوە دەکات کە بزانن هۆکارەکەی چیە کاتێ قەشەکە پێی دەڵێت هۆیەکەی تۆیە چونکە باوکی خۆت کوشتووە و دایکی خۆت مارە کردۆتەوە، جوانترین ڕیتواڵ لەم ئەفسانەیە بەرهەم بێت ئەوەیە جۆکاستای دایکی خۆی دەکوژێت ئۆدیبیش چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێ، ئەو ڕیتواڵە لای ئێمە چۆن گۆڕاوە؟ کاتێ هەرسێ کوڕەکانی ئۆدیب بەرەو لای باوکیان دەڕۆن ناڵێن ئۆدیب دەڵێن موغ هاوار دەکەن ببن بە موغی زەردەشتی، کاتێ کچەکە دێت ئەو هاوار لە ئۆدیب دەکات، ئۆدیب چونکە لەسەرەتاوە بێبەش بوونێکی سێکسی تیایە بەرەولای ژنەکە ئەڕوات، سەرەنجامی کوڕەکانی وەك کاردانەوەیەکی ئەخلاقی چاوی خۆیان هەڵدەکۆڵن، بەهەمان دەرەنجامی ئۆدیب، ئۆدیبی زەردەشتی ئیفلیج بوو، بەدوای ئەو کاردانەوە ئەخلاقیەی کوڕەکانی کە کوێریان هەڵبژارد وەك باوکیان ئەوانیش ئیفلیج بوون، پێم وایە ئەوە گۆڕینی ئێمەیە، ئەو ڕیتواڵەی ئێمە دەیکەین ئەوەیە وا دەکات لە دەرەنجامەکانی ئەفسانەکە نەچینەوە، لە دەرەنجامێك دەچین بەرەنجامی ڕیتواڵی ئێمە بێت.

سیروان بێلانە: ویستم ڕوونکردنەویەك بدەم بەڵام دیارە نزیکە لە قسەکانی نیهادەوە بۆیە دووبارە ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە با قسەی لەسەر نەکەم.

فریاد ئەحمەد: مەرجە بۆ شانۆیەکی سروت ئامێزی قسە لەسەر تێگەیشتنی بینەر بکرێت؟

ئەسعەد عومەر: بەبینی من ووشەی تێگەیشتن لەشوێنی خۆی نیە، بەڵکو بینەر چەند ئەو دەنگە یا ئەو ڕەنگە هەستی پێکرد، دەمەوێ لەسەر ئەو دووبارە بوونەوەیە بوەستم، بەداخەوە نەمن و نە حوسێن ئەو کارەی ڕابردوو کە باسی دەکرێت نەمانبینیووە، ئەوەی من لەم شانۆگەریە تێیگەیشتم بەتایبەت

دوای ئەم دانیشتنەش نیهاد عەودالّە عەودالّی شت گەلێکە بەدوایدا دەگەڕێت، لەنمایشێکی لەمجۆرەدا هەرچی ناوێکی لێدەنێیت دەیەوێ شتێك هەڵێنجێنێت لە دەنگ و لە جەستە، بە بینینی من زۆر کارێکی ئاساییە لەکاتی گەڕان و پشکنیندا لەکارێکەوە بۆ کارێکیتر لێکچوون هەبێت، ئەگەر تەماشای کەسێکی وەکو بابلۆ بیکاسۆ بکەین خەریکی پشکنینی ڕەنگەکانە، تابلۆ شینەکانی لێکچوونی تێدا هەیە، بەڵام لێکیش ناچێت، لێکچوونی تێدایە لە ڕەنگەکاندا، بەڵام لەسەرجەمی تابلۆکەدا ئەم شینەی ئێرەی تێکشکاندووە لێرە بە شێوەیەکیتر بەکاری هێناوە، بۆیە دیسان ئەڵێم من شانۆگەریەکەی پێشووم نەبینیووە، بەڵام ئەوەندەی باس دەکرێت کە دووبارە بوونەوە یا لێکچوون هەیە لەنێوان ئەم دوانەدا لەوانەیە نیهاد ئەو دەنگەی لەوێ بەکاری هێناوە لێرە هەمان دەنگی بەکارهێناوە، بەڵام وەزیفەیەکیتری پێداوە.

نیهاد جامی: ببوورە ئەم حالەتەمان نەبووە

ئەسعەد عومەر: نازانم، دەنگ لێرە بەهایەکی هەیە، ئەتوانی لێرە جارێکیتر بەکاری بێنیتەوە بەهایەکی تری پێبدەیت.

تارق ناسح: باسی ئەوەمکرد، بێنە ئیشێکی نیهاد بەبێ ئەوەی نیهاد خۆی لەوێ بێت، دەزانم ئەوە دەستی نیهادی تیایە، جێ دەستی نیهادی پێوەیە.

ئەسعەد عومەر: جائەوە باشە

تارق ناسح: ناڵێم، دەمن ووتم خۆ ئەمە ڕەخنە نیە، وتم خۆ ئەمە هەیە، لەبەر ئەوە لە ئیشێکەوە بۆ ئیشێکیتر خۆی شتەکان لەیەك هەر دەچن.

فریاد ئەحمەد: سرووتی هندیە سوورەکان و سرووتی پەرستگا زەردەشتیەکان توانیان ئۆدیبی سۆفۆکلیس بگۆڕن بۆ ئۆدیبی زەردەشت؟

سیروان بێلانە: لای من بەڵێ، باسیشم کرد، لەبەرئەوەی گۆڕانکاری کراوە، ئەگەر ڕیتواڵی زەردەشت کاریگەری نەبێت بەسەر ئۆدیبدا باوکی ئۆدیب نەدەگۆڕاو نەدەبووە ئەو مرۆڤە کە بگەڕێتەوە بۆ مرۆڤی سەرەتایی، بەڵام نازانم ئەفسانەی کوردی کە بەکار هێنرابێت دوور لە سرووتی زەردەشتی بوونی چیبوو، ئەمە نازانم بەڵام کاریگەری ڕیتواڵەکە بەسەر ئەفسانە یۆنانیەکە و هندیەکەدا دیاربوو کاریگەریەکی باش بوو لەبەر ئەوەی ئیشەکەی جولاند شانۆکەی جولاند کەسایەتیەکانی جولاند، بۆیە ئەڵێم بەڵێ کاریگەری هەبوو، بەڵام وەکو ئەفسانە تۆ بڵێی پەیوەندی ئەفسانە لەنێوان هەرسێ کولتورەکە، هەست ئەکەم ئەفسانەی کوردیم تیا نەبینی.

نیهاد جامی: شتێك نیە پێی بڵێین ئەفسانەی کوردی.

سیروان بێلانە: من وا تێگەیشتم.

فریاد ئەحمەد: کاتێ نمایشێکی شانۆیی پیادەی بنەماکانی شانۆی لەجۆری دەق و ڕوناکی و هتد نەکات و هەموو ئەمانە ڕەتبکاتەوە، پێویستت بە شانۆناسی هەیە، بەواتای زانستێك لەمە بکۆڵێتەوە، ئایا توێژینەوەی زانستێك لەناو شانۆدا پێویستی بە چ عەقڵێك هەیە بۆ خوێندنەوە؟

نیهاد جامی: ئەو چەمکە (شانۆناسی) پێشتریش لەگەڵ تۆ قسەم لێیکرد، ئێستا ئێمە خەریکی تیۆریزەکردنی ئەو قۆناغە ئەزموونکاریەین بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) لەوێ پرسیاری ئەوە دەکەین: شانۆناسی چیە؟ لە شانۆناسی هەموو کتێبە قەبەکانی شانۆ ناتوانن فریای تۆ بکەون، هەموو ئەو کتێبانەی باس لە شێوازی دەرهێنانی شانۆیی دەکەن هیچ سوودێك بە تۆ ناگەیەنن، بەقەد ئەوەی تۆ دەبێ ئەو پەیوەندیە کولتوریە بدۆزیتەوە لەنێوان (زانست و کولتور) بۆئەوەی لە دەرەنجامی ئەو پەیوەندیە زانستێکی شانۆیی بۆتۆ درووست بکات پێی بڵێین "ئەمە شانۆناسیە" ئەوەی زۆر زۆر بەلای منەوە گرنگە و هەمیشە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم و کتێب و نووسینی لەبارەوە بنووسین ئەوەیە: پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری و سۆسیۆلۆژیا چیە لە شانۆدا؟ ئێمە تاچەند دەتوانین ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری تەنیا ڕەهەندە کولتوریەکەی وەربگرین لەگەڵ سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) چونکە لەلای ئێمە شانۆناسی لەناو کتیبەکانی شانۆوە ئیش ناکات، شانۆناسی لەناو زانستەکانەوە دێتە دەرەوە و ئەپەڕێتەوە بۆ ڕووبەرە جیاوازەکانی نمایش، ئەوەش وای لێکردووین شانۆ وەك شانۆ بناسین، ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی گرۆتۆفسکی ڕاست بێت، گەر ڕاستیش نەبێت بۆ من وەك شانۆکارێك و بۆ تیپەکەی ئێمە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك زۆر ڕاستە کە دەڵێت "ئێمە لەسەدەی میتا شانۆدا دەژین" واتە هەموو ئەوانەی تۆ پێی دەڵێیت شانۆ ئێمە چووینە سەدەی میتا شانۆ، کەچوویتە سەدەی میتا شانۆ واتا بەرەو زانستێکی شانۆیی ئەچین، ئەوەشیان گریمانەیەك نیە من پێشنیاری بکەم، ڕەنگە پرۆسەی شانۆناسی تۆ وەك ناو بیلێیت تێزەکانی خۆت لەم کارەدا بنووسیتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی قسەکانت بارگاوی بن بەتێڕوانینەکانی ئارتۆ بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ یا بۆ ژینیۆ باربا یا گرۆتۆفسکی یا پیتەر بروك، بروك هەمیشە من تووشی گومانی گەورە گەورە دەکات، سەرەتا کە دەیخوێنمەوە نازانم ئەو قسەیە چیە دەیکات، دوای کە لێی قووڵ دەبمەوەو چەند جارێك

دەیخوێنمەوە تێدەگەم لەوەی دەیەوێ بیلێت، بەتایبەت کاتێ دەبینم ئەو دووکەس زۆر بەقوولی کاریگەریان لەسەری جێهێشتووە خۆشی ئەو کاریگەریە ناشارێتەوە، ئەوانیش (سامۆئیل بیکت) و (برتۆلد برێخت) ە، کە باسی برێخت دەکات، ماوەیەکی زۆر بەوە خەریك بووم بۆ بروك بە برێخت بەو قوولیەوە خەریکە ئەو سەرسامیەی لەکوێوە هاتووە، دوایی لەوە تێگەیشتم ئەو شانۆ فرە کولتوریەی باسی دەکات لەرۆحی شانۆی داستانی برێخت بوونی هەیە، ئەوە یەك دوو ئەو پەیوەندیە و لادان بۆ بونیادنانی سرووت خالێکی زۆر زۆر جەوهەریە کە لە برێختەوە کەشفی دەکات، بەلام چارەسەریەکانی ئەو پەیوەندیە لە شانۆدا بەهیچ شێوەیەك بەو دەرەنجامەی برێخت ناگەڕێتەوە، بۆیە تۆ کاتێ ستراتیژی ئیشکردنی گرۆتۆفسکی سەیردەکەی ئەکرێ زۆر زۆر جیاواز بیت لەو زانستە و دەرەنجام ئێمە بتوانین بەوە بگەین بلێین ئەوە شانۆناسی ئێمەیە.

"لێرەوە تارق ناسح لە گفتوگۆکان نەماوە وەك خۆی ووتی دەبێت بڕوات چونکە پرۆڤەی هەیە"

فریاد ئەحمەد: ئایا زەمینەیەکی شانۆیی هەیە بۆ شانۆیەکی فرە کولتوریی؟ ئەگەر ئۆدیبی زەردەشت بە نموونە وەربگرین.

سیروان بێلانە: ئەو ڕۆژەش لە کۆڕەکەدا پرسیارێکم کرد نیهاد پرسیارەکەی کردە سەر کەرکوك، من ووتم شانۆکارانی کەرکوك، ووتم تاچەند فرە کولتوری خزمەت بە ئێستای شانۆی کەرکوك دەگەیەنێت؟ ئەگەر بێینە سەر شانۆی فرە کولتوری نیهاد لە کۆڕەکە ئاماژەی پێدا سوودی لە بروك وەرگرتووە، بروك لە ١٩٧٢ لەشیراز لە ئێران کارێکی کردووە ٢٥ ئەکتەر بەکار ئەهێنێت، ٥ ئەمریکی ٣ ئینگلیزی و کامیرۆنیەك و یابانیەك فرە کولتوری لە ١٩٧٢ وە ئیشی کردووە ئەم قۆناغی تائێستا بەردەوامە ئەزانێ لەسەر ئاستی جیهان خزمەت ئەگەیەنێت، بەلام پرسیارەکە لێرەیە لە کەرکوك بۆئەم قۆناغەی ئێستەمان فرە کولتوری خزمەت بە شانۆی کوردی ئەگەیەنێت؟

نیهاد جامی: تێگەیشتنی ئیمە بۆ فرەکولتوری جیاوازە، بەهۆی ئەوەی ئەو شانۆیە پێشنیارێکی بروکە، بەلام دەرەنجامەکانی ئەووم بۆ ئەو شانۆیە قەبووڵ نیە، شانۆی فرەکولتوری لای من بریتی نیە لەکۆمەڵە ئەکتەرێکی کولتور جیاواز.

ئەسعەد عومەر: ئەبێ ئەوە جیا بکرێتەوە، قسەکەی خۆت بیرنەچێت، لە فەرەنساش گروپێکی شانۆیی زۆر بەناوبانگ هەیە لە ئیلیمێنتەکانی کولتوری جیاواز لەلابۆرێکی گەورەدا بەیەکەوە کاردەکەن، دەبێ ئەوە جیاکرێتەوە بۆ نموونە باسی برێختم کرد ئەفسانەی یابانی وەرگرتووە هێناویەتی کردوویەتیە شانۆگەری، یان نیهاد ئۆدیبی گریکی وەرگرتووە لەگەڵ هندیە سوورەکان و لەگەڵ زەردەشتیەت تێکەڵی کردووە ئەمە بابەت تێکەڵی کردووە نەك ئەکتەرەکان.

نیهاد جامی: ئەو جیاکاریە زۆر گرنگە، دواتر ئایا بۆ کەرکوك پێویستیەکە شانۆی فرە کولتوریمان هەبێت، پێم وایە بەڵێ. نەك لەبەر ئەوەی زەمینەی شاری کەرکوك لەبارە، نا بەڵکو لەبەر ئەوەی زەمینەی ئیشکردنی من لە شانۆ لەکەرکوك لەبارە، زۆرجار پرسیاری ئەوە لەمن دەکرێ بۆ لەهەولێر لەماوەی ١٠ ساڵدا پێنج کاری شانۆیم کردووە، لە کەرکوك لە ٢٠٠٦ (٢) کارم کردووە لە ٢٠٠٧ (٤) کارم کردووە ئەوە سەرەتای ٢٠٠٨ ئەو کارەم کردووە لەوانەیە هەر ئەمساڵ (٤) ئیشی تریش بکەم، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵمدا کار دەکەن چاوەڕوانی پاداشت نین، خۆشم ناچم نووسراوی ڕەسمی بکەم بۆ ئەوەی هۆڵم پێبدەن، قەلا کە ئەچمە ناوی هەموو کون و کەلەبەرەکانی شارەزام، قشڵەیە ئەچمە ناوی، ئەوانە وات لێدەکەن تۆ لەشانۆدا بەردەوام لەگەڕاندابیت، دوایی من چیبکەم ئەوە ڕاستە چوار مانگ دانیشم بۆ ئەوەی بلێن کەم ئیش دەکات، ئیتر زەمینەی ئەم شانۆ فرە کولتوریە بۆمن لەبارە، لەوانەی بۆ برادەرێکیتر لەبار نەبێت.

سیروان بێلانە: بروك کە من ئەو نموونەیەم هێناوە تەنیا جنسیەکانی کۆ نەکردۆتەوە، بەڵکو ڕیتواڵی ئەو وولاتانەی کۆکردۆتەوە، گفتوگۆیان کردووە دەرەنجام گەیشتوونەتە ئەوە ئۆرگاست ئەنجام بدەن، ئەوانە کە نمایشی کردووە وەکو کولتور نەك وەکو جنسیات.

ئەسعەد عومەر: من مەبەستم ئەوەبوو جیاوازیەکە بکرێت، لەلایان نیهاد ئەمەی دووەمیان نیە، هەرچەندە پێکهاتەی کۆمەلایەتی شاری کەرکوك لەبارە، بەلام لەم کارەیدا نەمبینی تورکمان یان عەرەبی تیا بێت.

نیهاد جامی: ناشتی وانیە، ئەوە جیاوازیەکەیە پیویستە دەست نیشانی بکەین.

فریاد ئەحمەد: کارەکتەر بەمانای کەسێتی درامی لەم ئەزموونەدا بوونی نیە، ئایا نەبوونی کارەکتەر توانیویەتی ئەلتەرناتیڤێکی شانۆیی بدۆزێتەوە؟

ئەسعەد عومەر: دەمەوێ پێش ئەوەی لەسەر وەڵامی ئەم پرسیارە بوەستم، نموونەیەکی تر بێنمەوە، لە ئەمستردام شانۆیەکی هاوینە هەیە لەناو دارستانێکدا دەکرێت، هەموو ساڵێك کار دەکرێت لەم دارستانە، گروپێکیان هەیە، جارێکیان شانۆگەری (ماکبێس) ی شکسپیریان پێشکەش کرد، ماکبێس

ئەسوڕێت دەوری ماکبێس، ئەکتەر یەك کارەکتەر نیە، لەهەر دەورەیەکدا وەکو چۆن باسکە هەیە، هەرجاری یەکێکیان ئەبێت بە ماکبێس تەنانەت کچەکانیش ئیتر ئەسووڕێت، (هاملێت) م بینی لە ئەمستردام، تەنها هاملێت نیە دەڵێت "من هەم یان نیم ئەمەیە گرفتەکە" مامیشی وا دەڵێت. دایکیشی وا دەڵێت. پاسەوانی بەردەرگاکەش وادەڵێت، یانی کارەکتەرێك نیە بەتەنیا ئەوە لەشانۆی کلاسیکدایە هەرکەسێك دەورێك دەبینێ، بەڵام لە شانۆی نوێدا جا هەر ناوێکی تری لێ ئەنێیت. بوونی یەك ئەکاتەر بۆیەك کارەکتەر هەڵدەوەشێتەوە، هەموویان بەیەکەوە دەبنە کارەکتەرەکەو بەتۆ شتێك ئەڵێن، ئینجا چۆنی ناو دەنێیت لێرانە کە دەڵێی ئۆدیب کاتێ مرۆڤێك تەناسوخ دەکات دەگەڕێتەوە دەبێ بە نیاندرتالێك یا زەردەشتێك لەیەکەوە بۆ یەکێکیتر باز دەدات، یا نەبوونی ئەکتەر بۆ کارەکتەرێکی دیاری کراو خزمەت بە شانۆگەریەکە دەگەیەنێ بەپێچەوانەوە کە زەرەری هەبوبێت.

نیهاد جامی: دەمەوێ قسەکەی ئەسعەد تەواو بکەم لەم ئیشەی کە ئەو دەیڵێت کە بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە کە بە ئاگایشەوە ئەوە دەکەین لە بێئاگاییەوە نایکەین، لەهەموو نمایشێکی پێرفۆرمانسی ئێمەدا کارەکتەر بوونی نیە، چونکە فیگورمان هەیە، ئامادەبوونی فیگور لەکارەکەدا ئامادەبوونی خۆیەتی نەك کارەکتەرێك، هەموو فیگورەکان بەیەکەوەش دەبنەوە کارەکتەرەکە، ئێستا بیر لە پرۆژەیەکی نوێ دەکەمەوە بەناوی (وەهای ژنی زەردەشت) کە لەناونیشانی کتێبەکەی نیتچە وە وەرگیراوە (وەهای گوت زەردەشت) ئەم پارچە مۆسیقایە لەلایان مۆسیقاژەن هێمن حەمە جەزا وە دانراوە، بیر لەو کارە دەکەمەوە، سێ کارەکتەر هەرسێکیان هەڵدەستن بە کەسایەتی زەردەشت، هەرسێکیشیان کچن، نمایشەکە کوڕێکی تیا نابێت نوێنەرایەتی زەردەشتیش دەکەن، خۆ زەردەشت نە مۆسیقاژەن بووە وە نەکچیش بوو، لەم نمایشە پێرفۆرمانسیانەدا تۆ هێندەی کێشەکە دەخەیتە ڕوو، هێندە بەرەو لای ئەوە ناچیت کێ بە کارەکتەرەکە هەڵدەستێت، لە نمایشی (ئۆدیبی زەردەشت) سەرەتا کارگەر ئۆدیب بوو، کاردۆ کارەکتەرەکەی لێ وەردەگرتەوە.

ئەسعەد عومەر: ئەوانەی باست کرد من زۆر بەڕوونی بینیم، لەسەر مەسەلەی کچەکانیش کە سێ کچ ببنەوە زەردەشت، لەهۆڵەندا من دەقێکی شانۆیم لەلایان دەرهێنەرێکی جەزائیریم بەدەست گەیشت بەناوی (کەریم ترەیگی) لەدەقەکەیدا سێ ئەکتەرن دەیانەوێ تەمسیلی (عیسا و موسا و محەمەد) بکەن، کە دێتە سەر موحەمەد جورئەت ناکەن کەسیان بیکەن، بەڵام سێ ئەکتەرەکە سێ ئەکتەری کچن، وەك ئەوەی تۆ دەتەوێ کاری تیا بکەی، دەقەکەم لایە نیازمە بیکەمە کوردی و بیدەینە یەکێك کە کاری لەسەر بکات.

نیهاد جامی: جاوەکو ووتم ئێمە کارەکتەرمان نیە، ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی پێشووش (یادەوەری دەنگ) دوو کوڕ و کچێك هەبوو، هیچ لەم دوو کوڕە کوڕ نەبوون کچەکەش کچ نەبوو، هەرسێکیان وەکو یەك لەنێوان ئۆبجێکت و سۆبجێکت یەکتریان وەردەگرت و تەسلیم دەکردەوە، ئەوانە زۆرجار لەوێ تووشی ڕەشبین و نائومێدیمان دەکەن کە قسە لە پرۆسەی شانۆ خۆی ناکرێت، کاتێ نمایشەکە تەواو بوو قسەکردنەکە هێندەی لەسەر دووکەڵ و خنکان و ئاگر بوو، قسەکردن نەبوو لەسەر شانۆیەکە خۆی، تەنانەت لە کۆڕەکەش هەندێ برادەر پرسیاری ئەوەیان کرد بۆ لەباتی ئەو شووشە چرایانە مۆمت دانەناوە، ئەزانی دەلالەتەکە چەند ئەگۆڕێ؟ لەوکاتەدا بیرت لەوە نەکردەوە ئەو دەلالەتە چۆن ئەگۆڕێت، جارێ واز لەوە بێنە کە ئەو چرایە پەیوەندی بە ڕۆحی کوردی و ماڵی کوردیەوە هەیە کە بەدوای ڕاپەڕینی نەوەت و یەك ئەو چرایە هاتە ناو ماڵەکانمان، ئێمە کاتێ ویستمان ئازادی وەدەست بێنین لە ڕاپەڕیندا ڕوناکیمان لەدەستدا، ئەو سەلاجە و موجەمیدەیەی تۆ هەتە لەسەردەمی بەعسدا کە ئەبێ بە ڕاپەڕین کارەبا نامێنێ دەبی بیکەیت بە دۆلابی جل و بەرگ، ئەکرێ مناڵەکانت پیسایی تیا بکەن و وەك ئاودەست سەیری بکەن، کە ئازادی وەدەست دێنیت کۆمەڵێك شتی تر لەدەست دەدەیت، بەڵام بەداخەوە هەندێك کەس نەك لەسەر شانۆ قسە بکەن، بەڵکو گەر تەنیا لە ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە قسە بکات خۆی لەم نمایشە بە نزیك دەبینێت، لێرەوە هەندێك پێیان وایە ئەوکارانە واقعی نین، بەڵام ئەوە من وا سەیری واقیع دەکەم، سەرەنجام واقیع چیە؟ واقیع بریتی نیە لە گواستنەوەی دیمەنە سادەکانی ناو ژیان، لەو بارەیەوە پیتەر بروك قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت "واقعیەت بریتی نیە لەدیکۆرێکی لاسایی کەرەوەیەکی ڕووت بۆ شانۆ" لەم گۆشە نیگایەوە هەست ئەکەم کارەکانی من زۆر واقعین، بەهۆی ئەوەی لە واقعی ئەم شارە قسە دەکەن، بەڵام واقیع ئەوە نیە کە ماڵت هەبوو دەبێ جاجمێك دابنێی، دەنا ئێمە لە ژیانی ئاسایی خەڵکەوە دوور نین، جیاوازیەکە لەوەدایە ئێمە ئەو ژیانە چۆنە ئەبینین؟ تەنها لەو جیاوازیەوە دەست پێدەکەین.

سیروان بێلانە: نەبوونی کارەکتەر بەرهەمی قۆناغی پاش تازەگەری نیە، بەڵکو لە قۆناغی تازەگەریشدا هەبووە.

فریاد ئەحمەد: لەم نمایشەدا سینۆگرافیا چیبوو؟ ئایا سینۆگرافیا توانیبووی زمانێکی ناتەبا و جیاواز لەشانۆدا

بخولقێنێت؟

سیروان بێلانە: ئەگەر ئێمە بەو مەفهومەی زۆربەی شانۆکارانی کەرکوك کە سینۆگرافیا ڕوناکی و مۆسیقاو جلو بەرگ و دیکۆرە واتە سینۆگرافیا نەبوو لەم ئیشە، بەڕاستی ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە کە زۆربەی شانۆکاران وا لە سینۆگرافیا تێدەگەن، بەڵام نا لەم کارەدا من سینۆگرافیام بینی، سینۆگرافیا بەو مانا زانستیەی کە من لێی تێدەگەم هەقم بەوان نیە چۆن لێی تێدەگەن، بەڕاستی سینۆگرافیا لەم نمایشەدا کاریگەری هەبوو بوونی هەبوو لەبەر ئەوەی بە تێگەیشتن کراوە، کەتۆ سینۆگرافیایەك دانێی لە خزمەتی ئیشدا بێت و بتەوێ گۆڕانکاری بکات کە تێگەیشتن هەبوو بەڵێ سینۆگرافیا ڕۆڵی بینیووە.

فریاد ئەحمەد: داڕشتنەوەی پانتایی شانۆ خوڵقاندنەوەی سینۆگرافیا بوو لەڕێگەی جەستە و ئاگر و دەنگەوە، ئایا سینۆگرافیا توانی پەیوەندیەکی نوێ لەنێوان ئەکتەر و بینەر درووست بکات؟

حوسێن سیودین: وەکو ووتم لێرە شانۆم زۆر نەدیووە، ئەو شانۆگەریەی لێرە بینیم (ئۆدیبی زەردەشت) لەیەکێ لەشانۆگەریەکان ئەچوو کە لە ئەمستردام بینیوومە، لەبەر ئەوە هەستم ئەکرد پەیوەندیەکی زۆر زۆر هونەری درووست کردووە، تەنیا کەموکورتیەکی هەبوو ئەویش هۆکارێکی ڕوناکی یارمەتیدەر هەبێت، ئەوە مانای وانیە تۆ ئەو ڕوناکیەی داتناوە بیکوژیت، ئەگەر ئەو ڕوناکیە هەبوایە بۆ ئەوەی بینەر زیاتر پەیوەندیەکی هونەری و ئیستاتیکی لەگەڵ نمایشەکەدا درووست بکات، چونکە من وەکو تابلۆ ئیشەکەم ئەبینی، لەگەڵ دەسپێکردن ئاگرکردنەوەکە شکۆ هەر تابلۆیەك بوو لەلای منەوە، ئەوانیتریش هەروا تابلۆ بوون، بەڵام تابلۆکان لەناو تەپ و تۆز و تاریکیدا وەکو دەرهێنەر خۆشی دانی پیانا ئەوە کەموکورتیەکی کارەکەی بووە، لەبەر ئەوەی هۆکارێکی ڕوناکی یارمەتیدەر نەبووە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە تابلۆکە جوانتر ببینین، بەڵام بەڕاستی من زۆر نزیك ئەبوومەوە لەبەر ئەوەی لەمجۆرە نمایشە زۆر حەز ئەکەم، کۆمەڵێك شتی تەقلیدی جێهێشتووە وەکو باستان کرد، دواتر کارێکە زیاتر نیگاییە سینەمای تۆبۆگرافیە داڕشتنەکە.

فریاد ئەحمەد: بەشێك لە بینەران توانایان نەبوو لەناو سرووت ئامادەبن، بەهۆی دووکەڵ و ئاگر و هەر شتێکیتر لەهۆڵەکە نەمانەوە، ئایا چی وا دەکات بینەرێك توانای قبووڵ کردنی سرووتێکی شانۆیی نەبێت؟

سیروان بێلانە: من بە نیهادم ووت لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برادەرانەی لەوێ بوون، ڕەنگە تاکە زەرەرمەند لەم هۆڵەدا من بووم، چونکە من یەك چاوم هەیە. چاوێکم نابینێت ئەوە ڕۆیشتووە، ئەوەی تریش دکتۆریش پێی ووتوم کە دووکەڵ زۆر کاریگەری بۆی هەیە، بەڵام من کە هاتوومە وەکو شانۆکارێك بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لە شانۆیەك، سرووتێك کە قبووڵم کرد دەبێ بمێنمەوە.

حوسێن سیودین: ڕوونکردنەوەیەکی بچووك ئەدەم، وەڵڵاهی ئەوەی ئەیلێی زۆرجوانە، لەفیلمی (ژیانی ڤان کوخ) دا کیر دۆگلاس و ئەنتۆنی کوین تەمسیلی تیا دەکەن، ڤان کوخ لەیەك وەزعێکی ژیانیدا ڕاهیبە، بەڵام لەتەنیشتیەوە کانەیەکی خەڵوزی هەیە، ئیتر ئەو دەڕوات بۆ یارمەتی بەڵام قسەکەر نیە، ئەڕواتە ژوورەوە یارمەتیان ئەدات کە دێتەوە دەرەوە دێتەوە کەنیسەکەی خۆیەوە دوو قەشەی گەورەتر دێن سەیری دەکەن کە تۆچۆن قەشەی پات قووڕە و ئەمانەیە ئەبێ بەشەڕیان، فڕێیان ئەداتە دەرەوە، ئەڵێت "من بەس قەشە نیم لەکەنیسەدا" مەبەستم بەڕاستی جوانیەکە لەوێیە کەتۆ لەوێ بیت، پێم سەیرە زۆر لە خەڵکم ئەبینی کە فیعلەن بە قات و ڕیباتەوە هاتوون لەبواری هونەردا زۆر لەپێشەوەی خەڵکدان، بەڵام وایان ئەکرد ئەچوونە دەرەوە جا پێم سەیر بوو بەڕاستی.

سیروان بێلانە: جا بۆ تەواوکردنی قسەکانی حوسێن، کەسێك بەمەبەستی ئەوە هاتبێت شانۆ ببینێت، دیارە ناڕواتەوە، ئەوەشی بۆ ئەوە هاتبێ دڵی نیهاد و ئەکتەرەکان ڕازی بکات بەدڵنیاییەوە لە شانۆکە نامێنێتەوە ئەڕواتە دەرەوە، بینەرێك کەلەوێ ناتوانێ دوو دەقە و سێ دەقە تەقەبووڵی ئەوە بکات دەرئەچێتە دەرەوە، کۆمەڵێ شت هەبووە بۆ ئەو یارمەتیدەر بووە بۆئەو بۆ نموونە درووست کردنی دەمامك لەڕێگەی جل و بەرگەکانتانەوە، من بۆ خۆم دەمامکی خۆم داوە، وام کردووە ڕاوەستاوم سەیری ئیشەکەم کردووە، ئەی ئەو ئەکتەرە بەستەزمانانە چیبکەن، لەماوەی نیو سەعاتدا ئەدایان کردووە دووکەڵەکە هەمووی ڕووبەڕووی ئەوان بۆتەوە، کە نەتوانن وەك بینەر خۆیان دەمامك بدەن، ئەوە بەهەڵەیەك دائەنێم بۆ تیپی شانۆی ئەزموونگەری ئەبێ لە ئێستا بەدواوە بزانێت بۆ ئیشەکانی کێ بانگ ئەکات، لەبەر ئەوەی نیهاد خۆی ئەڵێت لای من بینەر ئەو کاریگەریەی نیە دوو کەس بێت و هەزارکەس وەك یەکە، بۆیە ئەبێ لە ئێستە بەدواوە بزانی ئەو کەسانەی کە بانگیان دەکەیت کێن.

نیهاد جامی: ئەمویست قسەیەك بکەم سیروان نیوەی کرد، لەمەولا ئەگەر ئێمە خەڵکانێکمان بانگ نەکرد بۆکارەکانمان با گلەیی نەکەن، چونکە دوای نمایشەکە من یەکەم کەس بووم

لەهۆڵەکە چوومە دەرەوە، هەموو ئەوانەم بینی کە پێشتر گلەییان کردبوو بۆ بانگهێشتیان ناکەین بۆ کارەکانمان، هەموویان بانگ کرابــوون ئەو پیــاوە بەڕێز و قات لەبەرانە، تێگەیشــتم ئەوانە ئەکرێ بینەری هەموو شــتێك بن، میوانی هەمیشەیی بەردەم کامێراکانی تەلەڤزیۆنەکان بن لەژێر وێنەکانیان ناویان بنووسرێت و وەك رۆشنبیر بناسرێن، وەك داهێنەر بیان بینین، بەڵام هەرگیز بینەری شــانۆیی ئێمە نین، ناتوانن بینەری کارەکانی ئێمەبن، سەیرە ئەوانەی چوونە دەرەوە هەندێکیان لێدوانە تەلەڤزیۆنیەکانیانم دیووە دەڵێن "پیتەر بروك ئاوا سرووت دەکات" یەکێك لەبنەماکانی ســرووت بۆنە کە تۆ ناتوانی قبووڵی بکەیت، بۆ باســی بروك دەکەیت تۆ ناتوانی بینەری ســرووتێکی شانۆیی بیت، بۆیە لە کۆتایدا بینەری ئێمە ژمارەی لە ٣٠ کەس تێناپەڕێت.

ئەســعەد عومەر: بەڵام خۆشــی لە کۆتایدا ئەم جۆرە شانۆ ڕیتواڵە یا پۆست مۆدێرنە خۆی بۆ نوخبەیە بەڕاستی، نەك هەر لێرە لەهەموو جیهان، کاتێ لە چیاکانی ئەلب نمایشێك دەکرێت خەڵکی نوخبە بەرەو ڕووی دەچن.

نیهاد جامی: خۆ گرۆتۆفسکیش هەروا دەڵێت دەست نیشانی بینەرەکەی دەکات بە ٢٥ کەس

ئەســعەد عومەر: گرۆتۆفســکی خۆی تەماشای بینەری دەکرد، بینەرێکی بەدڵ نەبوایە نەیدەکردە ژوورەوە.

سیروان بێلانە: بەڵام کێشەی ئێمە لەم شارە ئەوەیە تۆ کەسێك بە نوخبە تێ دەگەی دواجار دەردەکەوێ نوخبە نیە.

فریاد ئەحمەد: من پرسیارەکانم تەواو بوو ئەگەر ئێوە قسەیەکتان مابێت بیکەن.

نیهاد جامی: ســوپاس بۆ هەموو بۆچــوون و ڕەخنەکانتان، ئەگەر نمایشــەکان بۆ نوخبە بن دیــارە بوونی گفتوگۆکانیش بازنەیەك بێت بۆ نوخبە ئێمە دەزانین دواجار ئاسۆیەك دەکەینەوە بەرەو ڕووی ئەوانــەی دەیانەوێ دیدی ڕەخنەیی خۆیان بخەنە ڕوو، جارێکیتریــش بەناوی گۆڤاری شــانۆکار ســوپاس بۆ ئامادەبوونی ئێــوە و بۆ بەتەنگەوە هاتنــی بازنەی ڕەخنەیی لەســەر ئەو ئەزموونە شانۆییە، ســوپاس بۆ هاوڕێیانی تیپی شانۆی ئاشتیش کە هەمیشــە دەرگای ئۆفیسەکەیان شوێنی گفتوگۆ و دانیشتنەکانی ئێمە بووە.



ئۆدیبی گوناهبار بە دوای پەناگەیەک دەگەڕێت بۆ دەرباز بوون

# ئۆدیبی زەردەشت
# لەنێوان كولتور و سرووتدا

**شكۆ عومەر**

نمایشی ئۆدیبی زەردەشت ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٧ لە قشڵەی كەركوك بەجەستەی (كاردۆ، كاروخ سەیفەدین، كارگەر جەواد، دیدار مەجید، شكۆعومەر) نمایش كرا، (نیهاد جامی)ش ئەركی داڕشتنەوەی پانتایی لە ئەستۆ گرتبوو. ئەم نمایشە سەرەتا لە ئەنجامی تەمارین و ڕاهێنانی ڕۆژانەوە بەرهەم هات، واتە هیچ دەقێك یا سیناریۆ و نوسراوێكی لەوەوبەر ئامادە نەبوو تاكو بە پێی خەت و هێڵكاریەكانی ئەو نووسراوە ئیش بكرێت، ئەمەش یەكێكە لە خەسڵەتەكانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری كە زۆربەی ئیشەكانی تریشمان بەم شێوەیە و بە غیابی دەق بەرهەم هێناوە، چونكە ئێمە كار لەسەر ئەوووتەیە ئەكەین كە: "دەق لە بۆشاییدا و بە جەستەی ئەكتەر ئەنووسرێتەوە"

بۆ ئۆدیبی زەردەشت؟

دیارە ناونانی ئیش لەلای تیپی ئەزموونگەری لە دوای گەیشتنە قۆناغی نمایشكردنەوە دێت، ئەمەش لە بەرئەوەی كە ئێمە سەرەتا هیچ دەق و نووسراوێكمان نیە تاكو ناوی ئیشەكە لە سەرەتاوە ئاشكرا بێت لامان، بۆیە لەدوای ڕاهێنانێكی چەند ڕۆژییەوە كە زانیمان ئاقاری ئیشەكە بە چ لایەكدا ئەڕوات ئەوكات بیر لە ناوی ئیشەكە ئەكەینەوە، لە (ئۆدیبی زەردەشت) دا ئیش لەسەر چەند لایەن و چەمكێك كرابوو، سەرەكیترینیان ئەو گریمانەیە بوو كە ئەگەر ئۆدیبی سۆفۆكلیس بە كوردی و بە ئێرە بكرێت چۆن ئەبێت و چی ڕووئەدات؟ هەڵبەت زۆر جیاواز ئەبێت لە (ئۆدیب)ە یۆنانییەكە، چونكە ئۆدیبی یۆنانی بارگاویە بە كولتوری گریكی، سەرەتا ئەبێ ئۆدیب لەو كولتورە ئەبستراكت بكرێت و بە مانای ووشە بە كوردی و بە زەردەشتی بكرێت، ئەمەش بە ئیشكردنەوەیەكە لەسەر كولتوری كوردی، هەرواش كرابوو، بەوەی چەندە كولتوری كوردی بە زەمەنە كۆنە ئاینیەكەی كە زەردەشتیەتە لە كارەكەدا ئامادەگی هەبوو، بۆ نمونە ئاگر كە هەمیشە و بەبەردەوامی لە ئیشەكانی نیهاد جامی و تیپی ئەزموونگەری ستركتۆرێكی سەرەكیە، چونكە ئاگر هێندەی كولتورێكی كۆنی كوردیە، بەو ئەندازەیە تایبەت نیە بە هیچ گەلێكی تر، ئاگر سەرەكیترین سومبولی كوردە بەوەی كە هەموو كوردیك باوەڕی بەوەیە كە لە سەریساڵی كوردیدا ئاگر لە سەر چیاكان بكەنەوە بۆ دەربرینی هەستی خۆشی، كاتێكیش كە بە ئاگر پەرست ناوزەند كراون هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەك گەنم لای زەردەشتیەكان رەمزی ژیان و ژیانەوە بوو، لێرەدا نیهاد جامی بە چەشنێ تەوزیفی گەنم ئەكات كە فیعلەن گەنم ڕەمزی ژیانەوەیە بەوەی كە لە دیمەنێكدا بینرا بەشێك لە ئەكتەرەكانی (ئۆدیبی زەردەشت) بە هۆی تاعونەوە كوێر ئەبن دواتر لەرێگەی بەكارهێنانی گەنمەوە چاوەكانیان چاك ئەبێتەوە. یان بەكارهێنانی دەستاڕ، كە ئەمیش كولتورێكی تری كوردیە كە ئەگەر دوو بەردی لەو شێوەیە بدرێت بە دەست ئەكتەرێكی پۆڵۆنی نەژادەوە ڕەنگە هەرگیز نەزانێ بەو جۆرە بەكاری بهێنێ، بەڵكو ڕەنگە بە شێوەیەك بەكاریبهێنێت كە دەلالەتێكی زۆر جیاوازتر بدات بە دەستەوە. یاخود لە سەراپای نمایشەكە و لە چەند شوێنێك بە تایبەتی، ئەكتەرەكان دەنگ و هاواری زەردەشتیان لێوە دەردەچێت، وەك ئەوەی كە سەرەتای نمایشەكە (كاردۆ) بە چەند ووشەیەكی زەردەشتی دەستپێكی نمایشەكە ڕادەگەیەنێ (گەوشا كەرەج داكا با ئیما). یان ئەو كاتەی كە (دیدار مەجید) لە یەكێك لە پەنجەرەكاندا هاوار بۆ (ئاهورامەزدا) ی خواوەندی زەردەشتیەكان دەكات و دواتر چەند جارێك ووشەی (گاتا) ی زەردەشتی بەكاردێنێ، ئەمە و چەند ووشە و دیالۆگێكی تری زەردەشتی بەكاردێنن وەك ئەوەی كە لە كۆتایی نمایشەكەدا بینرا، كاتێ كە ئەكتەرەكان كوێر وشەل ئەبن دیسان لەڕێگەی جووڵە و دەنگەوە هاوار ئەگەیەننە (ئاهورامەزدا). یان ئەوەی كە لە (ئۆدیب)ی یۆنانیدا خەڵكەكە بەهۆی تاعونەوە ئەمرن، بەڵام لە (ئۆدیبی زەردەشتی) دا بەهۆی تاعونەوە چاو و قاچەكانیان لە دەست ئەدەن، كە ئەم خاڵەی كۆتایی جێی هەڵوەستەیە و من بە چەند جۆرێك ڕاڤەی ئەكەم، وەكو ئەوەی كە مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە گشتی بە هێزترن لە ڕۆژاواییەكان، یان ئەوەی كە نیهاد جامی بیەوێ بڵێ: ئەگەر من دروستكەری بنیادەمەكان بم و دەسەڵاتی خواوەندم هەبێ بەبەزەیی تر ئەبم و چانسی زیاتری ژیان ئەدەم بە مرۆڤ بەوەی كە كاتێ تووشی تاعون بوون یەكسەر نەمرن، بەڵكو قۆناغی یەكەم چەند ئەندامێكی لەشیان لێوەرئەگرمەوە.

كۆكردنەوەی چەند كولتورێك لە ئۆدیبی زەردەشتدا

لە ئۆدیبی زەردەشتدا دەرهێنەرهەوڵی داوە سوود لە چەمكی



کوێری وەک کاردانەوەیەکی ئەخلاقی بۆ تاوان

فرە کولتوری (پیتەر بروك) وەربگرێ، بەوەی کە هاتووە کولتوری کوردی (زەردەشتی) و کولتوری خێڵی هندیە سوورەکان و یۆنانی کۆنی کۆکردۆتەوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا لە کولتوری کوردیدا چەند ماتریالێکی وەك ئاگــر و گەنم و....هتد وەرگرتووە، لە کولتوری هیندیە سوورەکان سروتی کۆبوونەوەیان و کاتی چنگ کەوتنی نێچیرێکیـــان وەرگرتووە، هەرچی لە کولتوری یۆنانیە کۆنەکانـــە چەند توخمێکی وەرگرتووە وەك باوەڕ بوون بەقەدەر و خواوەندە جیاجیاکان و تاعون، ئەو هاتووە هەموو ئەم کولتورانەی وەك ماتریالی ئیش وەرگرتووە و هەمووی لەشـــانۆیەکی ڕیتوال ئامێزدا نمایش کـــردووە، بەڵام بە دید و تێڕوانین تازەی خۆی. فرە کولتوریش یەکێکی ترە لەو چەند چەمکە تازەیەی کە دەمێك نیە خزاوەتە نێو ئیشـــەکانی تیپی ئەزموونگەریەوە،بەڵام نیهاد جامی لێرەدا هاتووە گۆڕانکاریی کردووە لەو تێگەیشـــتنەی کە (پیتـــەر بروك) هەیەتی بۆ چەمکی (فرە کولتوری)، بەوەی کە بروك بەو چەشنە کار لە فرە کولتوریدا ئەکات کە: تاکە کەسێك بتوانێت گوزارشـــتکەر و دەربڕی کولتوری هیند بێت مرۆڤێکی هیندیە، بەڵام لەلای نیهاد جامی ئەم حاڵەتە گۆڕاوە بۆ ئەوەی کە ئەکرێت ئەکتەرێکی کورد بەڵام بارگاوی بە مەعریفەیەکی شـــانۆیی و تا ڕادەیەك شـــارەزا لەو کولتورەی کە ئیشی تێدا ئەکرێت ببێت بە دەربڕی ئەو کولتورە (جەستەی کولتوری).

هەڵبەت تیپی ئەزموونگەری لە دوای دەست بە ئیشکردنمان لە دووەم قۆناغـــی ئەزموونەکانماندا،چەنـــد چەمکێکی تری نامۆ بە شـــانۆی باوی کوردیمان فڕێدایە نێوەندەکەوە، ئەوانیش چەمکەکانی (جەســـتەی کولتووری و داڕشتنەوەی پانتایی... هتد) بوون، دیارە ئەمانەش هەر لە خۆڕا و بە عەفەوی نەهاتبوونە گۆڕێ، بەڵکو دوای ئەوە هات کە چەمکی کولتورمان هێنایە نێو ئەزموونەکانمانەوە هەوڵماندا شـــانۆ فراوان بکەین و لە پاڵ شـــانۆدا گرنگی بە چەند زانســـتێکی وەك(ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسۆلۆژیا و ...هتد) بدەین .

ستروکتووری ڕیتوال لە ئۆدیبی زەردەشتدا

ڕیتوال نەك تەنها لەم ئیشـــە، بەڵکولە زۆربەی ئیشـــەکانی پێشوتری تیپی ئەزموونگەری دا بونیادێکی سەرەکی بووە، وەك لە (ســـەگ و دەف)، (زولێخا لە خەونی یوسفدا)، (هاملێتی کەرکـــوك)، (یادەوەری دەنگ) دا بینرا، بـــەڵام هەرجارە و بە شـــێواز و تێگەیشـــتنێکی جیاواز و لە ژێـــر تێڕوانین تیۆری یەکێك لە تیۆریســـتە جیهانیەکان بۆ نمونە لە (سەگ و دەف) و (زولێخا لە خەونی یوســـفدا) بەو شێوەیە کار لە سەر سرووت کرابوو کە ئارتۆ مەبەســـتیەتی لە شانۆی توند و تیژیدا باسی دەکات، ئـــەوە بوو دواترش ناومان لێنا (دوو پڕۆژە بۆ شـــانۆی توندوتیژی)، لە (هاملێتی کەرکوك) لە ژێر تیۆر و بۆچونەکانی (گرۆتۆفسکی) دا ســـرووتمان تەوزیف کردبوو بە هەمان شێوە

له (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) و (خاچ) یشدا بەپێی تێڕوانینەکانی یوژینۆ باربا و تایرۆف کارمان کردبوو.

بەڵام هەرچی لە (ئۆدیبی زەردەشتدا) یە هاتین سوودمان لە سرووتی هندیە سوورەکان بینی، کەچی نەك وەکو خۆی، دەرهینەر هاتووە بەو شێوەیە دایڕشتوەتەوە کە لە شانۆیەکی سرووت ئامێزدا بیخوڵقێنێتەوە، یان سرووتی زەردەشتیەکان، کاتێ کە گوێبیستی ئەو دەنگ و سرووتە زەردەشتیانە ئەبین بە چەشنێك دەریئەبڕین کە بە تەواوی هەست ئەکەیت لە پەرستگایەکی زەردەشتییەکان وەستاوی، بەڵام لێرەشدا گۆڕان بەسەر سرووتە ئەسڵەکەدا هاتووە وەك ئەوەی کە فیگورێکی مێینە (دیدار مەجید) هاوار و ئاهونزای خەڵکەکە ئەگەیەنێتە (ئاهورامەزدا)، یاخود کاتێ کە تەواوی ئەکتەرەکان کوێر ئەبن هاواری (موغ) بۆ (ئۆدیبی زەردەشت) دەکەن کە بینەر بەتەواوی هەست بە بوونی ئەو سرووتە شانۆییە ئەکات.

ئۆدیبی یۆنانی

نیهادجامی دەرهێنەر هەر لە نێو نمایشی (ئۆدیبی زەردەشتدا) دەقی ئۆدیبی سۆفۆکلیس نمایش دەکات، واتا وەك ئەوەی براندیللۆ لەیەکێك لە شانۆگەریەکانیدا ناوی دەبات بە پرۆسەی (شانۆ ناو شانۆ)، بەڵام بە جەستەی پێنج ئەکتەر و بە شێوازێکی کورت و بەبێ بوونی هیچ حیوار و دیالۆگێك و دوور لە تەختەی شانۆ و خاڵی لە دیکۆر و ئێکسسواری زەخم، بینەریش بە تەواوی هەست دەکات کە ئەمە ئۆدیبی کلاسیکی یۆنانیە نەك ئۆدیبی زەردەشتی، لەبەر ئەوەش ئەم نمایشەی لە ناو نمایشەکەی خۆیدا پێشکەش کرد تاکو بینەر هەست بەو جیاوازی و بەراوردکاریە بکات کە لە نێوان ئۆدیبی یۆنانی و ئۆدیبی زەردەشدا هەیە، دەرهێنەر بەم نمایشە کورتەی ئۆدیبی یۆنانی هەموو ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی ڕەت کردەوە کە گوایە ئۆدیب دەقێکی گەورە وپیرۆزە و کەس ناتوانێ دەسکاری بکات و نمایشکردنی لە دەرەوەی تەختەی شانۆ و بەبێ دیکۆر و موفرەدات و جل وبەرگی کلاسیکی کۆن کفرە و کارێکی ئەستەمە، لە پاڵ ئەمانەدا دەرهێنەر کاری لە سەر چەند چەمك و لایەنێکی تریش کردبوو، وەك غەریزە شەڕانگێزیەکانی ناخ، کاتێ مرۆڤەکان کوێر ئەبن پێویستیان بە دەوروبەرەکەیانە و چەند زەلیل و داماون، بەڵام کە یەکێك هەوڵی چاکوونەوەیان ئەدات، یەکەم کاری دوای چاکبوونەوەیان بیرکردنەوە لە شەڕ و پەلاماردانی یەکتر و دەوروبەرە، وەك لەو دیمەنەدا بینرا کە (کاروخ و شکۆ) پێش چاك بوونیان چەند بەبێتوانایەوە لە چاوەڕوانی (کارگەر) دان بۆ ئەوەی کە لە پەرستگاکە گەنم بێنێت بۆ چاك بوونەوەیان، بەڵام هەرکە چاویان ئەکرێتەوە یەکسەر بە دار عەساکانی دەستیان کە پێشتر لە جێی چاو بەکاریان ئەهێنا پەلاماری یەکتر و دەوروبەریان ئەدەن. لایەنێکی تری نمایشەکە ئەوەیە کە ئەمانگێڕێتەوە بۆ چاخە بەردینەکانی مرۆڤ، بەڵام لێرەدا بەتایبەتی جەخت ئەکاتە سەر غەریزە سێکسیەکانی ئینسان و باسی چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەکات وەك مۆنۆپۆل کردنی هەموو شتەکان بە ژنیشەوە لە لایەن ڕەگەزی نێرینەوە، تەنها لە پێناو دامرکانەوەی مەرامە سێکسیەکان.پاشان زەمەن تەحویل ئەبێت بۆ قۆناغی ژن سالاری، ئەو قۆناغەی کە ژن دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و خۆی سەرپشکە لەوەی کە بیەوێ لە یەك کاتدا سێکس لەگەڵ یەك کەس یان چەند کەسێکدا بکات، ئەم قۆناغانەش لەو دیمەنەدا دەردەکەوێ کە (شکۆ و کارگەر) هەریەکە و بە هەر چەشنێك بێت و بە نرخی هێز هەوڵ ئەدات (دیدار) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت،پاشانیش قۆناغەکە ئەگۆڕێ بۆ ئەو دەمەی کە دەسەڵات ئەکەوێتە دەست ژن و ژنیش بە ئارەزوومەندانە هەردووکیان هەڵدەبژێرێ بۆ جنس کردن.

فەزا و شوێن

بۆ ئۆیبی زەردەشت لەسەر تەختەی شانۆ نمایش نەکرا؟

دیارە کارکردن لە دەرەوەی هۆل و تەختەی شانۆ خەسڵەتێکی تری نیهاد جامی و تیپی شانۆی ئەزموونگەرییە، هەڵبەت ئەمەش لە خۆڕا نیە، بەڵکو زەروریەتی ئیشکردنی ئەم قۆناغەمان وا ئەخوازێ، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە تیگەیشتنانە ڕەت بکەینەوە کە ئەوترێ (هۆڵی پیرۆز و تەختەی پیرۆز و......هتد) بەڵکو لەبەرامبەر ئەمەدا جەخت لەسەر چەمکەکانی (شانۆی پیرۆز و ئەکتەری پیرۆز)ی گرۆتۆفسکی ئەکەینەوە،هەڵبەت ئەمەش نەك وەکو ئەوەی کە گرۆتۆفسکی باسی ئەکات کە ئەکتەر بەقەدیس (قەشە) و شانۆ بە (کڵێسا) ناوزەند ئەکات ئێمە هاتووین گۆڕانییان بەسەردا دێنین و ئەکتەر بە (موغ) و شانۆ بە (ئاتەشگا) ئەشوبهێنین، ئەمەش نەك بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ئاینانە، بەڵکو بۆ بە پیرۆز کردنی شانۆ تا ئەو ڕادەیەی کە پیرۆزی شانۆ هیچی کەمتر نیە لە پیرۆزی ئاینە ئاسمانیەکان.

ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە بارەی شوێنی نمایش و پانتایی ناتەباوە کار بەو قسەیەی پیتەر بروك ئەکەین کە ئەڵێ "پانتاییەکی بەتاڵم بدەرێ شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێدرووست دەکەم"

لە زۆبەی ئیشەکانی پێشتریشماندا کارمان لەسەر شوێنی نا شانۆیی و پانتایی ناتەبادا کردووە،وەك لە (هاملێتی کەرکوك)



**کاردۆ لە دۆزینەوەی نهێنییە شارەواکانی ئۆدیب**

و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) بینرا کە شوێنێکی مێژوویمان گۆڕی بۆ پانتاییەکی شانۆیی، بە هەمان شێوە لە ئیشەکانی پێشووتریشماندا ئەم چەمکانە ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر ئۆدیبی زەردەشت لە هۆل یا لە هەر شوێنێکی تر نمایش بکرایا بە دڵنیاییەوە ئەم ئیشەی ئێستا دەرنەدەچوو، بەڵکو تەواو جیاواز ئەبوو، بەوەی کە نمایشەکە زادەی ئەو شوێن و بینا و شێوە میعمارییە کە ئێستا ئیشی لێ کراوە، هەڵبەت تۆ ناتوانی ئاگر لەسەر تەختەی شانۆ بکەیتەوە کە ئاگریش ماتریالێکی سەرەکی ئیشەکانی ئەزموونگەریە کەنەبوونی مەحاڵە لەم قۆناغەیاندا، دووەم بۆ دروست کردنی سرووتێکی شانۆیی تۆ زیاتر پێویستت بە شوێنێکی کۆن و شوێنەوارە، وەك لە هۆڵ و سەر تەختە، کە بە دڵنیایەوە بینەر لەو شوێن و بینا کۆنانەدا زیاتر هەست بەو سروت و شانۆ ڕاستەقینەیە ئەکات. نەك لە هۆڵدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تیپی ئەزموونگەری بە ڕەهایی هۆڵی شانۆ ڕەت بکەنەوە، بەڵکو لەم قۆناغەیاندا وا ئەخوازێ کە ئەزموونەکانمان لە دەرەوەی هۆڵ نمایش بکەین، ڕەنگە لە قۆناغی داهاتوو یان دواترمان ڕووبکەینەوە هۆڵ و کارەکانمان لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکەین، کە من ئومێدەوارم بە جۆرێکی وا نەگەڕێینەوە هۆڵ کە بینەرەکانمان خۆزگە بە ئەزموونەکانی پێشووترمان بخوازن.

# ئەزموونگەری هەموومانی بەئاگا هێنایەوە

**عەبدوڵڵا کاکەیی**

ماوەیەکی کەم نیە شانۆکار نیهاد جامی دەستی بە ئەزموونەکانی کردووە لە شوێنە جیاوازەکان بەتایبەتی شوێنەوارە کۆن و کەلەپووریەکان، لەڕێگەی بینینی کارەکانی تێبینی ئەوەمان کردووە کە لەسەرەتای هەر ئەزموونێك لە ئەزموونەکانی کەسایەتیەکان دەست بە نواندنی ڕۆڵەکانیان دەکەن، تا کۆتایی ئەزموونەکە بەردەوام دەبن، سەرەڕای هەوڵە ڕۆشنەکانی جامی بەردەوام بوون لەسەر هەمان ڕێچکەی لە شێوەی نوێ کە بۆ ئەزموونەکانی دۆزیویەتەوە، ئەزموونەکانی چارەسەری ئێستا و ڕابردوو دەکەن، بەڵام ڕابردوو بە وێنەیەکی ڕۆشن و ڕوونتر لەبارەیەوە دەدوێت، زنجیرەیەك سرووت و دیاردەی تەسەوفی لەلای دەبینین، هەندێ لە کەسایەتیەکانی نیهاد جامی کە دێنە دەنگ کەسایەتیەکانی ناو ڕابردوومان بیر دێننەوە، سرووت و نەریتەکانیش لە ڕابردوو و ئێستادان، هەروەها ژیانی مرۆیی پڕن لەوانە، کە پێویستە هەڵگریان بین، بەڵام زۆر نین ئەوانەی چێژیان لێ وەردەگرین، نیهاد جامی بۆ پڕکردنەوەی شوێنی نمایش هەوڵ دەدات لە ڕێگەی جولەی کەسایەتیەکان کە بێ گوێدان پێی ئەنجامی دەدەن و هاوسەنگی نین، لێرەدا لەسەر وەرگر ئاسان نیە جەخت بکات و ئەکتەرەکان ڕای بکێشن بەهۆی زۆری جولەی کەسێتیەکانی چەند کەسایەتیەك لەیەك کاتدا.

ئەو متمانە دەکاتە سەر ئاگر، لەزۆربەی ئەزموونەکانیدا ئاگر پیرۆزە، بایەخێکی مەزنیشی هەیە، کە هاوشێوەی بایەخدانیەتی بە تیشکی خۆر، جارێکیان بۆ ژیان لەسەر شێوەی ئاگر و جارێکیتر لەسەر شێوەی مۆم و لەهەمان کاتدا وەکو ڕوناکیش بەکاری دێنێت. دەتوانین بە شێوەیەکی زەمەنی پەیوەندیەك دروست بکەین لەنێوان ڕوناکی ئەندامێتی و ڕوناکی ڕۆحی، لەگەڵ پەیوەندی بوونی بە وێنەیەکی ئەفلاتوونی تەقلیدی نوێ لە نێوان خودا و خۆر و ئاگر و عەقڵ، لەدوا ئەزموونیدا (ئۆدیبی زەردەشت) ئەو ڕوناکیەی کە بەکاری هێنا بریتی بوو لە کۆمەڵە چرایەك کە دووکەڵی لە شوێنی نمایشەکە درووست کرد، ئەوەش سەرچاوەی هێز بوو لە نمایشەکەدا، لەو ڕێگەیەوە هەندێ لە بینەران کە وەستا بوون تووشی جۆرێك لە سەرسووڕمان و سەرسامی هاتن، بەهۆی حالەتی کەمبینی خودی لەلایان، هەندێکی تریش بەهۆی دووکەڵی چراکان شوێنی نمایشەکەیان بەجێ هێشت.

کۆمەڵێك ئاماژە دەبینین کە شتی دەست نیشان کراون لەژیانی ئەو کاتانە، بۆنموونە ڕۆژانی ڕابردوو و ئێستا، کە کارەبا بەتەواوی بڕاو خەڵکی سادە پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی چرا، ئەوەشی لەدوا ئەزموونی بەکاری هێنا، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە نیهاد جامی کاریگەری شاعیری فەرەنسی ئەنتوان ئارتۆی بەسەرەوەیە، ئارتۆ کە بانگەوازی بۆ شانۆیەك دەکرد متمانە بکاتە سەر نارۆشنی و نهێنی. شانۆی ناوبرد بە شتێك کە لە تاعوون دەچێت، خراپەکاری پڕی کردبوو. هەروەها ئەوە سەرکەوتن بوو بۆ هێزی تاریك، لێرەوە دەردەکەوێت کە فکرە خەیاڵیە خۆرئاواییەکانی ئارتۆ و زۆر لە فەیلەسووفەکان بەسەر نیهاد جامی ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە چارەسەری بۆ بابەتی پەیوەندی نێوان جەستە و عەقڵ، نزیکە لەهەمان شێوازی فەلسەفی دیکارت، فەلسەفەی دیکارت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێکهاتەی عەقڵ پێکهاتێکی ڕۆحی پاکە، بەڵام جەستە پێکهاتووە لە وێنەیەکی تەواو ماددی و میکانیکی، هەرچی سەبارەت بە دیکۆرە، لەکارەکانی ئەودا ڕۆڵێکی ناوەندی هەیە، سەرەڕای ئەوەی شوێنی نمایشەکان بۆخۆی دیکۆرێکە، بۆ ئەوەی ئەو وێنە کاریگەرە تێکبشکێنێت بۆ فێڵکردنی بینین، جامی هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان تەختەی شانۆ و هۆڵی بینەران ڕەتبکاتەوە، ئەوەی من تێی بگەم ئەو نایەوێ ئەزموونێکی تەکنیکی نوێ لە شانۆ دەربخات، بەڵکو بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕاستیەی کە کارەکانی ئەو مەبەستەی نیە وەك بینەران دەیبینن، بەقەد ئەوەی بۆ تۆمارکردنی هەڵوێستێکی مەعنەویە لە هەڵوێستە بوونگەراکانی مرۆڤ، وەك ئەوەی ئەو تێی دەگات. ئارەزووی بەرەو ئەوەش دەڕوات هەمووشێوە ناسراوەکانی شانۆ ڕەتبکاتەوە، ئەزموونەکانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو متمانە دەکاتە سەر موناجاتی دەروون لەبری دەیالۆگ، بەو کارەش دەسکەوتە گرنگەکەی دەبینین بەتایبەت لەهەردوو ئەزموونەکەی دوایی (یادەوەری دەنگ) و (ئۆدیبی زەردەشت).

موناجاتی دەروونی بە شێوەیەکی نوێ و بەتوانا دەرخست و هەندێ گۆڕانکاریشی کردبوو لە هەوڵدانی تواناکان لەنێوان پەیوەندی و کەسایەتیەکان بەتایبەت لە ئەزموونی ئۆدیبی زەردەشتی. لەهەندێك جاردا بەتەواوی بڕوای پێی نامێنێ، بەهۆی ئەوەی قسەکردنەکانیان دابڕاوە لەیەکێکیتر، موناجاتی دەروون وێنەیەکی لەیەکچووە بۆ ئاستێکی زۆر، لێرەوە ئەوە دەبینین